زۆر ناوازەیت

بەرگی دووەم

کەیفی چۆمانی

238
posts
19.2k
followers
7
following
Ktebi_PDF
Promote
Edit Profile
پەڕەی فەرمی کتێبی PDF
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_
Ktebi_PDF
ناوی کتێب : با لێبوردە بیت
ناوی کتێب : سەحەر
ناوی کتێب : ژیانی پێغەمبەران

TOZOR NAWAZAYT

KAIFI CHOMANI

ناوی کتێب: تۆ زۆر ناوازەیت

بەرگی: دووەم

نووسەر: کەیفی چۆمانی

بابەت: خودناسی

دیزانی بەرگ: ئیبراهیمساڵح

دیزانی ناوەرۆك: بۆردی دیزاینی لالەزار

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

0771 770 17 17

www.lalezar.krd

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٢١)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

ناوەرۆکی بابەتەکان

پێشەکی.. ٧
پڕتەقاڵی.. ٩
یاسای کێشکردن.. ١٤
ڕاکێشان.. ٢٢
بۆچی ئەمە وایە ٢٥
هزرت بگۆڕە.. ٢٩
ڕاست دەکەیت.. ٣١
چۆن گەشبین بم؟ ٣٣
خەون.. ٣٥
تواناکان یەکسانن.. ٣٧
شەپۆل.. ٤٠
بامبوو ٤٣
سروشتی بەرگری.. ٤٧
خەوتن.. ٥٠
قیبلەکە.. ٥٨
بەهار.. ٦٦
خێزان و هاوڕێ.. ٦٧
خەڵك.. ٦٩
جدی وەریگرە!.. ٧٠
ترس لە سەرکەوتن ٧٣
ماسك ٧٦
خۆ بە کەم بینین ٧٨
باشترین هێلکەکەر ٧٩
ئەرك.. ٨٠
کامیان هەڵدەبژێری؟.. ٨١
پێویست ناکات ٨٢

تۆ تەنەکەی خۆڵ نیت!.. ٨٤
بەهێز بە!.. ٨٦
نابێ.. ٨٨
شۆڕش.. ٨٩
ژینگە.. ٩٢
ڕێجیم کردن!.. ٩٥
فڕین.. ٩٨
بێ هیوا بە!.. ١٠٠
جیاوازیەکە.. ١٠٣
بەجەهەننەم.. ١٠٦
هەڵدەستینەوە.. ١٠٧
خۆمانین.. ١٠٩
سەختترین.. ١١١
تایبەتیت.. ١١٤
کۆنترۆڵی ئێمە.. ١١٦
هەڵسەوە.. ١١٧
چارۆگە.. ١١٩
گۆڕان.. ١٢٢
ناخی خۆمان.. ١٢٤
شەپۆلەکان.. ١٢٥
چوار بەرمیل.. ١٢٧
وازی لێ بێنە.. ١٢٨
خاڵخاڵۆکە.. ١٢٩
پیرە پیاو.. ١٣٢
دەبێ فێری بیت.. ١٣٥
یاساکان.. ١٣٧
خاکەناس بفرۆشە.. ١٣٩
شکاندن.. ١٤١
مامۆستا.. ١٤٤
ئازاد.. ١٤٥

نازانین ١٤٦
بەخۆت.. ١٤٧
کاریگەریت نیە ١٤٨
کات کوژ و وزە کوژ ١٥١
کێشە ١٥٤
گەردوون ١٥٧
تەسلیمی بە ١٥٨
ژیر بە ١٥٩
سەیرکە ١٦٠
چۆن؟ ١٦١
چیرۆکی خۆت ١٦٢
بازنەی سەلامەتی ١٦٤
سنوورەکان ١٦٩
کامیان هەڵدەبژێری ١٧٢
هەناسەدان.. ١٧٤
ژینگە ١٧٦
رووناکی.. ١٧٨
بژی!.. ١٨٠
رێگەمەدە ١٨١
یاساکە تێکبشکێنە ١٨٣
بەرپرس نیت.. ١٨٥
کۆڵنەدەری بەردەوام ١٨٦
گەر لەوێ نەبیت! ١٨٧
کلیل.. ١٨٨
هەمان هزر ١٨٩
ئاڤاتار ١٩٠
ئاو.. ١٩٢
بۆچی؟ ١٩٤
بیانوو.. ١٩٥
قوربانی.. ١٩٦

سیستەم..197
زیندانی..201
نقوم بوون 203
بەرزخواز 206
گۆڕین..207
موعجیزە..208
ڕۆژێك دێ دەزانی...215

پێشەکی

بۆچی مرۆڤ هەیە لە سەردەمی ئێستا دەبینی تەنها ٢٥ ساڵە، کەچی باشترین یاریزانی جیهانە، باشترین یاریزانی تێنسە، باشترین دیزاینەری جلوبەرگە، سەرکەوتووترین گۆرانی بێژە، ئەستێرەی سینەمایە، وەزیری حکومەتە، ملیۆنێرە، کۆمپانیایەکی زەبەلاح بەڕێوە دەبات. بیرت لەمە کردۆتەوە بۆچی؟

بیرت لەمە کردۆتەوە کە لە لیستی ١٠ سەرمایەدارترین مرۆڤی سەر زەوی و لیستی خاوەنی گەورەترین کۆمپانیاکانی سەرزەوی، نیوەی ئەم کەسانە نە زانکۆیان تەواو کردووە و نە لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا شارەزاییەکی ئەوتۆیان هەیە.

بیرت لەمە کردۆتەوە کە مرۆڤیش هەیە تەمەنی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵە، دکتۆرای هەیە لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا، عیملاقە لە کۆمپیوتەر، هەزارویەک کۆرسی خوێندووە، پێنج شەش زمان دەزانێت و یەک کۆمپیوتەری بدە دەست دونیات بۆ کاول دەکات، کەچی هەر لە جێگەی خۆیەتی و تەمەنی دەبێت بە ٥٠ ساڵ ئەو

هەر لە شوێنێکی وا نیە کە شایەنیەتی، بیرت لەمە کردۆتەوە بۆچی؟

ئەمەت بەبیردا هاتووە کە بۆ ئاوایە؟

مرۆڤ هەیە بە ملیۆن دۆلار پارەی لە دایک و باوکی بۆ ماوەتەوە کەچی یەک بەردی پێ لەسەر بەردێکی تر دانانرێت، کەچی مرۆڤیش هەیە لە سفرەوە دەبێتە ملیۆنێر.

بۆچی مرۆڤ هەیە تەمەنی بچوکترە لە خەڵکی، ئەزمونی کەمترە لە خەڵکی، کاری کەمتر کردووە لە خەڵکی، زانکۆی نەخوێندووە، کەچی زۆر لەپێشترە لەو مرۆڤانەی کە شەو و ڕۆژ کار دەکەن و تەمەنیان سێ ئەوەندەی ئەو گەنجەیە، شوێنەکەی زۆر بەرزترە لەو کەسانەی کە بە فەردە ئەزموونیان هەیە کەچی نەیانتوانیوە بگەن بە چارەکی ئەم ئاستە.

ئایا نهێنی ئەمە چییە؟

ئەم کتێبە بە کورتی باسی ئەو جیاوازیە دەکات، هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە زمانێکی سادە و ئاسان.

پڕتەقاڵی

زۆر سەرسام بووم بە سەرکەوتنەکانی،

بە متمانە بەخۆبوونەکەی،

بە وزە نەبڕاوەکەی،

بە هەموو شتێکی کە دەیکرد، تەنانەت بە شێوازی گفتوگۆ و ڕاوەستان و قسە و دانیشتنەکانیشی.

لە نزیکەوە نەمبینیبوو و نەمدوانبوو، بۆیە تەنها لەدوورەوە سەیرم دەکرد و دەمەویست لێیەوە فێربم.

ئیتر ڕۆژێک چوومە لای، لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو، هەستم کرد کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بچمە پێشی، وە لێی بپرسم کە ئایا نهێنیەکە چییە.

هێزم دایە بەرخۆم و چوومە بەردەمی، ئیتر دوای سەلام و چەند وردە قسەیەک، خۆم بە بابەتەکەدا کرد و گوتم مامۆستا گیان نهێنیەکە چییە؟

بابەتەکە پەیوەستە بە چییەوە؟

دەبێ چی بکەین؟
مامۆستا بێدەنگ بوو،
وام هەست کرد کە حەزی بە قسەکردن نیە،
سەیرێکی لای ڕاست و چەپی خۆی کرد،
بەدوای شتێک دەگەڕا لە باخچەکە، دوای چەند چرکەیەک لەسەیرکردنی باخچەکە چاوی لە شوێنێک گیر کرد، دواتر سەیرێکی کردم و گوتی کە بڕۆم شەربەتێکی پرتەقاڵ یان هەر ڕەنگێکی تر لە کافتریاکە بهێنم.
منیش زۆر لام سەیر بوو، من دەڵێم نهێنیەکە چیە ئەو دەڵێ بڕۆ شەربەتم بۆ بێنە!
بەڵام گوتم با هەر بڕۆم بیهێنم، کە ڕۆیشتم دوو دانەم هێنان،
یەکێ بۆخۆم و ئەوەی تریش بۆ خۆی.
کە هاتمەوە سەیرم کرد مامۆستا لە جێگەی خۆی نەماوە،
چاوم گیرا بینیم لەلای چەند گوڵێکەوە وەستاوە و سەیریان دەکات،
ئاوڕی دایەوە بەلای مندا و بە ئیشارەت پێمی گووت "وەرە من لێرەم".
چوومە لای و شەربەتەکەم وێدا، ئەوەی خۆشم بەدەستەوە بوو، ئیتر گوتی: "سەیری ئەم گوڵە بکە، چ ڕەنگێکە؟"

منیش بە زەردەخەنەیەکی کەمێک گەمژانەوە و کە نەمدەزانی بۆچی ئەم پرسیارەی کرد و گوڵە سپیەکەم لێ دیاربوو، گوتم: سپییە.

چاوەڕێ بووم شەربەتەکە بخواتەوە، شەربەتەکەی بەرزکردەوە و قومێکی لێ دا، دواتر بینیم شەربەتەکەی کردە ژێر گوڵە سپیەکەوە.

ئینجا سەیرێکی کردم و بە متمانەیەکی سەیرەوە گوتی:

سەیرکە بزانە ڕەنگی گوڵەکە چی لێ دێت.

کەمێکی پێچوو، کەم کەمە هەستم بە دەمارەکانی سەر پەڕەی گوڵە سپییەکە دەکرد کە ڕەنگەکەی دەبێتە پرتەقاڵی.

باوەڕم بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد،

خۆی ئەمە ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت و هەموو کەس بیزانێت،

بەڵام من ئەو کات ئەمەم نەدەزانی و یەکەم جارم بوو کە شتێکی ئاوا ببینم.

ئیتر مامۆستاکە ئەو ڕستەیەی گوت کە تا ماوم لە یادم دەمێنێتەوە و بوو بە هۆی گۆڕینی تەواوی ژیانم.

ئەو گوتی:

"ئەو گوڵە وەکو هزرت وایە،

ئەم شەربەتەش ئەو شتانەیە کە دەیخەیتە ناو هزرتەوە.

هەر شتێکیش کە دەیخەیتە هزرتەوە،

ئەو شتە کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی تۆ دەکات و ڕەنگدەداتەوە

لە هەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەکانت.

ئاگاداری ئەو شتە بە کە دەیخەیتە ناو هزرتەوە،

بزانە کە مێشکت بە چ شتێک و

بە چ کەسانێک و

بە چ بیروباوەڕێک و

بە چ ڕەنگێک ئاو دەدەیت."

هەر شتێک
کە دەیخەیتە هزرتەوە،
ئەو شتە
کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی تۆ دەکات

یاسای کێشکردن

قەت بەسەرت هاتووە کە بەبێ هیچ شتێک، بەبێ بیستنی هیچ وشەیەکی نەرێنی، بە بێ خوێندنەوەی هیچ دێڕێکی خەمهێنەرانە، بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێکی ناخۆش بکەیتەوە، هەر لە خۆتەوە دڵت تەنگ بووبێت؟

بەدڵنیاییەوە نەخێر.

هەر دڵتەنگیەک کە تووشی دەبین بەرهەمی بیرکردنەوە، بیستن، بینین یان بەرهەمی خوێندنەوە یان ڕووداوێکی نەرێنیە کە لەدەوروبەرماندا ڕوویداوە.

بەهەمان شێوە،

قەت هەبووە کە لە خۆتەوە دڵخۆشبوویت؟

بەبێ ئەوەی کە شتێکی باشت بیستبێت یان هەواڵێکی دڵخۆشکەرت بۆ هاتبێت؟ یان بێ ئەوەی بیرت لە شتێک کردبێتەوە و بووبێە هۆکاری دڵخۆشکردنت؟

بەدڵنیاییەوە ئەمەش نەخێر.

ڕەنگە وا بیربکەیتەوە کە هەندێک سات هەبوون بە بێ هۆ دڵخۆش بوویت یان دڵتەنگ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وانیە، ڕەنگە ئێمە هەندێکجار هۆکەی نەزانین بەڵام هەمیشە دڵتەنگی و خۆشبەختی هۆکاری خۆی هەیە.

کە گوێت لە شتێکی ناخۆش دەبێت و دڵتەنگ دەبیت، لەبەرامبەردا هەواڵێکی دڵخۆشکەرت پێ دەگات و دڵخۆش دەبیت، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەوە مێشکی مرۆڤە بڕیار دەدات کە دڵخۆش بێت یان دڵتەنگ بەو مەرجەی ئەو شتەی پێ بدەیت کە دەیەوێت.

ئەمەش بە مانا هەرە سادەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە

هەرچی بخەیتە هزرتەوە،

ئەوە شتە بەلای تۆدا دێت.

هەرچی لە هزرتدا جێ بکەیتەوە، ئەو شتە دێتە بەردەمت.

ئەمە یانی چی؟

چۆن؟

گەر ئێمە بیانوو و بەهانە بکەینە بەرنامەی ژیانمان و بیانوو هێنانەوە بخەینە هزرمانەوە، ئەوە هەموو بیانووەکانی گەردوون ڕوویان وەردەچەرخێنن بەرەو ڕووی تۆ و هەموو هەنگاوێک و هەموو چرکەیەکی کە دەژین و هەموو شتێک کە لە گەردووندا ڕوودەدات دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی هەر بیانوو بهێنیتەوە و

لەسەر ئەم حاڵەی کە تێیداین بەردەوام بین و گلەیی و لۆمە بکەین و هیچ نەکەین.

لە بەرامبەردا، بەهەمان شێوە،

گەر ئێمە ئەوە بخەینە ناو هزرمانەوە کە چیمان دەوێ و چیمان گەرەکە، ئەوە هەموو گەردوون ڕێگەمان نیشان دەدات بۆ بەدەست هێنانی ئەو شتە.

ئەمە یاسای موگناتیسە،

هزری تۆ وەک موگناتیس وایە،

داوای چی بکەیت،

ئەو شتە بەرەو لای تۆ دێت.

چی بخەیتە هزرتەوە،

ئەو شتە دێتە بەردەمت.

گەر بیری ئەرێنی بخەیتە مێشکتەوە، گەردوون هەموو شتێکی خۆیت وا نیشان دەدات کە ئەرێنی بوون تاکە ڕێگەیە، هەرچی شتێک کە تۆ لە ژیاندا دەیکەیت، هەرچی خەڵک و شت و میوزیک و فیلم و کتێب و نوسینی ئەرێنی هەیە ڕوو لە تۆ دەکەن و ئەرێنی بوون نیشانی تۆ دەدەن.

ژیان و ڕوئیا و بینینت هەمووی دەبێتە ئەرێنی و گەردوون

وەڵامی ئەو شتەت دەداتەوە کە لە هزرتدا داتناوە.

لەولاوە گەر بیانوو هێنانەوە بخەینە هزرمانەوە،

هەزار سێویش لە ئاسمان بەربێتەوە بەسەرماندا هەر نەفرەت لە دەوروبەر دەکەین و دەڵێین بۆچی ئەو هەموو سێوە بەسەر مندا بەردەبێتەوە،

بەربوونەوەی هیچ سێوێک نابێتە هۆی ئەوەی کە ژیانی تۆ بگۆڕێت.

ئەمە هەموو لەبەر ئەوەی کە لە هزرتدا داتناوە کە لۆمە بکەیت،

بەمەش گەردوون وەڵامی ئەو داواکاریەت دەداتەوە و، هەرچی شتە دێنێتە بەردەمت بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە لۆمە و گلەییکردن.

هزرت هەموو شتێکت وا دێنێتە پێش چاو کە گەردوونیش لەگەڵ تۆیە و هەر بەردەوام بە لە نەفرەت کردن.

بەڵام گەر تۆ ئەوەت لە هزرتدا دانا کە دەبێ یاسای کێشکردن بدۆزیتەوە،

ئەوە تەنها بەربوونەوەی یەک سێو، تەنها و تەنها یەک سێو بەسە بۆ ئەوەی تۆ هەست بە یاسای کێشکردن بکەیت و درکی بکەیت.

بەڵام گەر بیانوو و نەفرەت بخەینە هزرمانەوە، هەزار سێویش بەربێتەوە بەسەر ماندا هەر نەفرەت لەوە دەکەین کە بۆچی ئەو

سێوانە بەسەر ئێمەدا بەردەبنەوە، (نیوتن) پێشتر سەدان سێوی دیبوو کە بەردەبوونەوە، بەڵام یاسای کێشکردنی نەدۆزیەوە بەم سەدان سێوە، بەڵکو لەو چرکەیەوەی کە ئەمەی خستە مێشکی خۆیەوە کە دەبێ یاسای کێشکردن بدۆزێتەوە، یەکەم سێو کە بەربوویەوە بەسەریدا، ڕێک یاساکەی دۆزیەوە.

گەر ئەوەمان خستە هزرمانەوە کە دەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەم حاڵەی ئێستامان یان ئەم بەربەستانەی کە هەن چاکی بکەین، لەو کاتەدا هەموو گەردوون وەڵامی ئەو داواکاریەمان دەداتەوە و وەکو موگناتیس هەموو هەست و بیستن و بینین و بیرکردنەوە و هەموو گەردێکی جەستەت لە ئامادەباشیدا دەبن بۆ ئەوەی تەواوی ئەو شتانەیان گوێ لێ بێت و ببیستن و ببینن و هەست پێ بکەن کە گەردوون دەیەوێت پێمانی بڵێت، تەواوی گەردەکانی لەشت لە گەڕاندا دەبن بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی کە لە هزرتدایە.

ئەمە یاسای گەردوونە،

ئەمە کورتەی هەموو ئەو کتێبانەیە کە باسی گۆڕینی ژیانی مرۆڤ دەکەن.

بە شێوەیەکی سادەتر،

ئەم یاسا گەردوونیە دەڵێت:

تۆ داوای چی بکەیت و

بیر لە چی بکەیتەوە و

چی لە هزرتدا بێت و

بەدوای چییەوە بیت،

هەمان ئەو شتەش

بەدوای تۆوە دەبێت.

گەر بەدوای ئەوەیت کە ناشیرینی ببینیت،

پێویست ناکات بەدوایدا بگەڕێیت،

تەنها ئەوەت لەسەرە کە ئەمە بخەیتە ناو هزرتەوە و قەناعەت بەخۆت بهێنیت کە ژیان ناشیرینە و شایەنی هیچ شتێک نیە.

بەمەش بێ ئەوەی خۆت ماندوو بکەیت، گەردوون وەڵامی ئەو داواکاریەت دەداتەوە و هەرچی شتی ناشیرینە دەیبینیت و دێنە بەردەمت.

تەنها ئەو شتە بخەرە هزرتەوە کە باوەڕت پێیەتی،

ئەم شتە خۆی دێت بۆ لای تۆ.

لەلاکەی ترەوە،

گەر بە دوای جوانیەوەیت،

تەنها بیخەرە ناو هزرتەوە

خۆی دێتە لات.

گەر بەدوای سەرکەوتنەوەیت،

تەنها بیخەرە ناو هزرتەوە،

خۆی دێتە لات.

بەدوای خۆشبەختی، چارەسەر، خەونەکەت، ئەو شتەی دڵت دەیەوێت، ڕێگەیەکی نوێ، ئاسوودەیی، یان هەرشتێکی ترەویت،

تەنها بیخەرە ناو هزرتەوە،

گەردوون وەڵامت دەداتەوە،

هزرت

ئەو شتە

بەلای خۆیدا کێشدەکات

کە بیری لێ دەکەیتەوە.

گەر تا ئێستا ئەو شتەت بەدەست نەهێناوە،

ئەمە مانای ئەوەیە کە باوەڕت بەمە نیە، مانای ئەوەیە کە ئەو شتەت نەخستۆتە ناو هزرتەوە بە تەواوی، مانای ئەوەیە کە بیانوو و بەهانە دەهێنیتەوە و هێشتا ترست هەیە لەوەی ئەو شتە بەلای خۆتدا کێشبکەیت.

هەڵەکە تەرکیزە،
لەجیاتی
کێشە،
تەرکیز
بخە سەر چارەسەر

ڕاکێشان

گەر دەتەوێت بگەیت بە شوێنێکی بەرزتر،
دەبێ ئەو بیرکردنەوەی ئێستا هەتە بیگۆڕیت.

سەیرت کردووە بۆچی مرۆڤ هەیە لە سەردەمی ئێستا دەبینی تەنها ٢٥ ساڵە، کەچی باشترین یاریزانی جیهانە، باشترین تێنسزانی جیهانە، باشترین دیزاینەری جلوبەرگە، سەرکەوتووترین گۆرانی بێژە، ئەستێرەی سینەمایە، وەزیری حکومەتە، ملیۆنێرە، بووەتە باشیرن لە کارەکەی خۆی، بووەتە لێهاتووترین لە پیشەکەی خۆی، کۆمپانیایەکی زەبەلاح بەڕێوە دەبات.

بیرت لەمە کردۆتەوە بۆچی؟

بیرت لەمە کردۆتەوە کە لە لیستی ١٠ سەرمایەدارترین مرۆڤی سەر زەوی و لیستی خاوەنی گەورەترین کۆمپانیایەکانی سەرزەوی، نیوەی ئەم کەسانە نە زانکۆیان تەواو کردووە و نە لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا شارەزاییەکی ئەوتۆیان هەیە.

بیرت لەمە کردۆتەوە کە مرۆڤیش هەیە دکتۆرای هەیە

لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا، عیملاقە لە کۆمپیوتەر، هەزارویەک کۆرسی خوێندووە، پێنج شەش زمان دەزانێت و یەک کۆمپیوتەری بدە دەست دونیات بۆ کاول دەکات، کەچی هەر لە جێگەی خۆیەتی و تەمەنی دەبێت بە ٥٠ ساڵ ئەو هەر لە شوێنێکی وا نیە کە شایەنیەتی.

بیرت لەمە کردۆتەوە بۆچی؟

ئەمەت بەبیردا هاتووە کە بۆ ئاوایە؟

کە چۆن ئەمە مەعقولە؟

بەڵێ ئەمە ڕاستە و تەنها ٣٠ چرکەی دەوێت بۆ ئەوەی لە گۆگڵ بۆی بگەڕێت و بە چاوی خۆت ئەم جۆرە کەسانە ببینی.

ئەوەی ئێمە بەدوایەوەین ئەوەیە کە کە بۆچی ئەمە ئاوایە؟

بۆچی مرۆڤ هەیە تەمەنی بچوکترە لە خەڵکی،

ئەزمونی کەمترە لە خەڵکی،

کاری کەمتر کردووە لە خەڵکی،

زانکۆی نەخوێندووە،

کەچی زۆر لەپێشترە لەو مرۆڤانەی کە شەو و ڕۆژ کار دەکەن و تەمەنیان سێ ئەوەندەی ئەو کەسەیە و بە فەردە ئەزموونیان

هەیە کەچی نەیانتوانیوە بگەن بە چارەکی ئەم ئاستە.

ئایا نهێنی ئەمە چییە؟

بۆچی ئەمە وایە

کورتەی نهێنیەکە ئەوەیە کە،

ئەمە هەمووی

پەیوەستە

بە هزرتەوە.

پەیوەستە بەوەی کە تۆ چی لە هزرتدا دەچێنی،

پەیوەستە بەوەی کە ئایا چۆن پرۆگرامی هزرت دەکەیت،

پەیوەستە بەوەی کە ئایا لەو پلەیەی کە ئێستا ڕازیت یان پلەی بەرزتـرت دەوێت.

پەیوەستە بە داواکاری تۆ لە گەردوون،

کە تۆ دەتەوێ چی بۆخۆت کێش بکەیت،

ئایا دەتەوێت ترس بۆ خۆت کێش بکەیت؟

یان سەرکەوتن؟

وەک یاریزانی ئاسایی،

پەیوەستە بە ویستی تۆ.

دەتەوێت ببیت بە باشترین یاریزانی یانەکەت؟ ئەمە لە هزرتدا دەچێنی؟

یان بە هزرت دەڵێیت کە دەتەوێت ببیت بە باشترین یاریزانی شارەکەت؟

یان بەرزتـرت دەوێ و دەتەوێت ببیت بە باشترین یاریزانی ساڵ؟

یان ئەوە بە هزرت دەڵێیت کە دەتەوێت ببیت بە باشترین یاریزانی ١٠ ساڵی ڕابردوو؟

یان دەبیت بە باشترین یاریزانی سەدە؟

یان بە هیچ لەمانەی سەرەوە ڕازی نیت و ئەوە لە هزرتدایە کە ببیت بە باشترین یاریزانی مێژوو؟

یان لەمە بەرزتر؟

ئەوە دەچێنی لە هزرتدا کە ببیت بە خودای یاریزانەکان؟

ئەوەت بیر بێت،

گەردوون وەڵامی ئەو شتە دەداتەوە کە تۆ پێی ڕازی دەبیت.

بەمانایەکی تر،

تۆ ئەو شتە بەدەست ناهێنیت کە دەتەوێت،

بەڵکو ئەو شتە بەدەست دەهێنیت کە بە شایەنی خۆتی دەزانی.

گەر تۆ بەو پلەیە ڕازیت کە ئێستا تێیدایت،
شەو و ڕۆژیش کار بکەیت،
١٠ هەزار کتێبیش بخوێنیتەوە،
٣٠٠ کۆرسیش بخوێنی،
دە دکتۆراشت هەبێت،
لەم پلەیە زیاتر بەدەستناهێنی کە تێیدایت،
چونکە لە هزرتدا چەسپاندووتە کە تۆ بەم شتە ڕازیت و داوای شتی ترت نەکردووە،
بۆیە هیچ شتێک بەرەو لای تۆ کێش ناکات،
چونکە لە هزرتدا داتنەناوە.
بەمانایەکی تر، ئێمە گەر بمانەوێت سەرکەوت بەدەست بهێنین،
دەبێ ئەو شتانە بخەینە هزرتەوە کە دەبنە هۆی سەرکەوتن، ئەو ڕێگە و بەرنامانە لە هزرتدا بچەسپێنی کە هۆکارن بۆ گەیشتن بەو شتەی کە دەمانەوێت.
گەنجێکی ٢٥ ساڵی کە خاوەنی کۆمپانیای خۆیەتی و سەرمایەدارە و خەونەکانی کردۆتە ڕاستی، لەگەڵ کەسێکی تری ٧٠ ساڵی کە لە شوێنێکە کە پێی مورتاحە و داوای شتی تری نەکردووە و ژیانێکی ئاسایی دەژیت، جیاوازی ئەم دووانە بریتیە لە شێوازی بیرکردنەوەیان، جیاوازیەکە بریتیە لە پرۆگرامکردنی هزر،

جیاوازی ئەم دووانە ئەوەیە کە دوو پرۆگرامی جیاواز لە هزریاندایە،
بەرنامەکەیان جیاوازە،
هەردووکیان هەمان توانا و هەمان لێهاتوویيان هەیە،
بەڵام ئەوەی جیاوازە،
ئەوەیە کە یەکێکیان بەرنامەیەکی سادەی لەسەر دانراوە،
ئەوەی تریان بەرنامەیەکی تایبەت.
بابەتەکە ئەوە نیە کە کامیان ڕاستن و ژیان بە کامە لای خۆشتر و باشترە،

بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە ئەمە پەیوەستە بە هزر،
پەیوەستە بەوەی کە ئێمە چی دەخەینە ناو هزرمانەوە.
پەیوەستە بەوەی
کە
ئێمە
چۆن
پرۆگرامی هزرمان دەکەین.
نوقتە.

هزرت بگۆڕە

سەرەتا گەردەتەوێت ژیانت بگۆڕێت،

دەبێ هزرت بگۆڕیت،

بیرکردنەوەکانت بگۆڕیت،

چونکە

هەموو شتێک

پەیوەستە بە بیرکردنەوەی ناو هزرت.

جیاوازی دوو مرۆڤ، کەسێکی سەرکەوتوو و کەسێکی ئاسایی،

بریتیە لەو پرۆگرامەی کە لە هزری دایە.

ئەو هزری پرۆگرام کردووە لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەر بەدەستی بهێنێ، ئێمەش پرۆگرامان کردوە لەسەر ئەوەی کە هەردەم بیانوو بهێنینەوە و نەفرەت بکەین و لۆمەی کەسانی تر بکەین،

پرۆگرامان کردوە کە شوکر بین بەم حاڵەی کە تێیداین و

خراپتر نەبێت.

بەمـەش ئـەو سـەرکـەوتن بـەلای خۆیـدا کێش دەکات و بەدەستی دەهێنێ،

ئێمەش بیانوو بەلای خۆماندا کێش دەکەین و
بە فەردە شوکرانەمان لێ کۆدەبێتەوە.
ئەمە پوختەی یاسای کێشکردنە.

ڕاست دەکەیت

گەر دەڵێیت دەتوانم ئامانجەکەم بەدەست بهێنم،
ڕاست دەکەیت دەتوانیت.
گەر بڵێیت ناتوانم بەدەستی بهێنم،
بە سەری توو دووبارە هەر ڕاست دەکەیت و ناتوانی بەدەستی بهێنی.
چونکە گەر بڵێی دەتوانم،
گەردوون وەڵامی ئەو داواکاریەت دەداتەوە و
ڕێگاکانت دەختە بەردەم و نیشانەکانت دەخاتە پێش چاو.
بەڵام کە دەڵێی ناتوانم بەدەستی بهێنم،
بەهەمان شێوە گەردوون وەڵامی ئەمەت دەداتەوە و
هەرچی بەربەست و بیانووە دەیخاتە بەردەمت بۆ ئەوەی نەتوانی بەدەستی بهێنی و باوەڕت پێ بهێنێ کە ناتوانی بەدەستی بهێنی.
بابەتەکە هەمووی
پەیوەستە بە هزرەوە.
ئاگاداری ئەوە بە

کە چی دەخەیتە هزرتەوە،

ئاگاداری ئەوە بە کە دەتەوێ چی بەلای خۆتدا کێش بکەیت.

چۆن گەشبین بم؟

کێشـەی ئێمـە ئەوەیـە کـە دەوری خۆمانمـان داوە بـەو شـتانەی کـە قۆرغمـان دەکـەن، ئـەو شـتانە لـە خۆمـان نزیـک دەخەینـەوە کـە وزەی نەرێنـی دەدەن بـە ئێمـە.

هەر شتێک کە لە ژیانماندا دەیکەیـن، بچوکتریـن شتیش بێت کاریگـەری هەیە لەسـەر بیرکردنـەوە و تێڕوانینی خۆمـان بۆ ژیـان.

واتە بە سادەیی

تۆ بریتیت لەو کتێبانەی کە دەیانخوێنیتەوە،

بریتیت لەو فیلمانەی کە سەیریان دەکەیت،

بریتیت لەو میوزیکانەی کە گوێیان لێ دەگریت،

لەو خەڵکانەی کە کاتیات لەگەڵ بەسەردەبەیت،

لەو گفتوگۆیانەی کە دەیانکەیت.

دەبێ بە دانایی ئەو شتانە هەڵبژێریت کە لە دەورتن،

ناکرێ هەڵبژاردنەکانت شتی نەرێنی بن و

چاوەڕێ ئەوە بیت کە ئەرێنی لە ژیان بڕوانیت.

تۆ
ڕەنگدانەوەی
ئەو شتانەی
کە لە ژیانی خۆتدا
هەڵتبژاردوون

خەون

خەون شتێکە کە بۆ چەندین شەو ئێمە بە بێداری دەهێڵێتەوە

و

نایەڵێت تا بەرەبەیان بخەوین.

شتێکە کە بێ ئەوەی بەیانیان مۆبایلەکەت زەنگ لێبدات،

خۆت پێش زەنگەکە هەڵدەستی چونکە خەونەکەت هێندە لە ناختدا چەسپیوە کە کۆنترۆڵی تەواوی گەردەکانی جەستەتی کردووە و ئاگادارت دەکاتەوە کە ئێستا وەختی هەڵسانە.

خەون شتێکە کە بۆ چەندین شەو و ڕۆژ مێشکتی داگیرکردووە و بیرت لێکردۆتەوە و لە زۆر شوێندا بە جەستە لەوێ بوویت بەڵام بە هزرت بەدوای خەونەکانتدا ڕۆیشتوویت، شتێکە کە بەردەوام و بە بێداری و بە نوستوویی بیرت لایەتی، نەک تەنها چەند شتێکی سادە و چرکەیی بێت کە بە هزردا دێت و دەڕوات.

خەون
شتێک نیە
کە لە خەودا دەیبینین،
بەڵکو
شتێکە
کە نایەڵێت
بخەوین.

تواناکان یەکسانن

لە یاری شەترەنجدا

کاتێ دوو کەس یاری بەرامبەر یەکتری دەکەن،

هەردووکیان هەمان توانا و هەمان سەربازیان لەبەر دەستە.

هیچ شتێکیان لەوەی تر زیاتر یان کەمتری لا نیە.

بەڵام لە یاریەکەدا دەبینیت ڕەنگە یەکێکیان هەمیشە و بە ئاسانی لەوەی تر بەرێتەوە.

ئەمە بۆچی؟

ئەی هەردووکیان هەمان سەرباز و هەمان ئەسپ و هەمان وەزیریان نیە؟ بۆچی ئەوەی تر هەمیشە دەباتەوە و بەرامبەرەکەشی هەمیشە دەدۆڕێت؟

وەڵامەکەی ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە گرینگ نیە کە تۆ چەندە توانا و لێهاتوویی ناوازەییەت هەیە و لەبەر دەستتە،

بەڵکو ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە تۆ سەرەتا تواناکانت بناسی و بزانی کەچین، وە دواتر بزانی کە بە باشترین شێوە و لە شوێن

و كاتی خۆیدا تواناكانت بەكاربهێنی تاوەكو بەرزتریان ئاستی خۆیان.

مرۆڤەكانیش بەهەمان شێوە،

هەرچەندە هەموو مرۆڤێک توانا و لێهاتوویی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام گەر نەزانن تواناكانیان چین و چۆن بەكاریان بهێنن،

بوونی توانا و لێهاتوویی هیچ سوودی نابێت.

سوودی گەنجینە
لە هەبوونیدا نیە،
بەڵکو
لە بەکارهێنانیدایە.

شەپۆل

لە فیزیادا، شێوە و تایبەتمەندی شەپۆل وایە کە هەرچەندە بەرزببێتەوە،

بە نزیکەی هەمان بڕ دەبێ بهێتە خوارەوەش.

واتە کاتێ بتەوێت شەپۆلێک ئاستەکەی بەرز بێت،

ئۆتۆماتیکی شەپۆلەکە بە قەد بەرزترین ئاستی خۆی نزمترین ئاستەکەشی دیاری دەکات.

ژیانی مرۆڤیش ئاوایە،

مرۆڤ گەر بیەوێت بگات بە بەرزترین شوێن،

دەبێ ئامادەیی ئەوەشی تێدابێت کە بکەوێتە نزمترین شوێنیش.

گەر بیەوێت شتی بەرز داوا بکات، دەبێ هێندەش نزم بکەوێت.

مرۆڤ بەقەد کەوتنەکانی بەرز دەبێتەوە،

تاوەکو قوڵتر و قوڵتر بکەوێت

زیاتر و زیاتر بەرز دەبێتەوە.

مرۆڤ بەقەد کەوتنەکانی شتی زیاتر بەدەست دەهێنێت،

گەر بمانەوێت شتی زیاتر بەدەست بهێنین و بگەینە شوێنێک کە هەرگیز پێی نەگەیشتووین، کەواتە دەبێ هێندە بکەوین و نزمبینەوە و ئازار بچێژین، کە بەقەد ئەو شتە بێت کە داوای دەکەین.

بەرزی سەرکەوتنەکان بە بەرزی ئاستی سەرکەوتن ناپێورێت، بەڵکو بە قوڵی کەوتنەکانمان دەپێورێت.

ژیانمان
وەک شەپۆل وایە
چەند بمانەوێ بەرزبوون بەدەست بهێنین،
دەبێ
ئەوەندەش
تامی خوارەوە بکەین.

بامبوو

ئایا چەندی پێویستە بۆ ئەوەی ڕووەکی بامبوو بگات بە بەرزی بینایەک؟

ڕووەکی بامبوو وەکو قامیش وایە بەڵام زیاتر ئەستوورترە، زۆرتر لە وڵاتی چین و دەوروبەری دەڕوێنرێت.

بامبوو لە ساڵی یەکەمیدا سەرەڕای ئەو هەموو ئاودان و چاودێریکردنەی کە دەکرێ بەڵام هیچی دیار نیە کە گەشە بکات و سەربێنێتە دەر، بۆ ساڵی دووەم بەهەمان شێوە، بەڵام دیسان هیچ دیار نیە، سێیەم ساڵ دێت و هیچ نەگۆڕاوە، چوارەم ساڵیش هەر وەکو خۆیەتی و هیچ خەبەرێک نیە لەو هەموو ئاودان و چاودێریکردنەی کە جوتیارەکان دەیکەن.

کەچی لە ساڵی پێنجەمدا تەنها بە چەند ڕۆژێکی کەم داری بامبوو خۆی دەکات بە ئاسماندا و هێندەی بینایەکی بەرز خۆی بە ئاسماندا دەدات،

هێند بە خێرایی بەرز دەبێتەوە کە لە هەر ٢٤ کاتژمێرێکدا

مەترێک بەرز دەبێتەوە و بە ئاسانی و بە چاوەکانت دەتوانی هەست بە گەشەکردنەکەی بکەیت لە نزیکەوە.

لە ماوەی تەنها مانگ و نیوێکدا نزیکەی ٣٠ مەتر بەرز دەبێتەوە.

ئێستا گەر بپرسین: ئایا چەندی پێویستە بۆ ئەوەی کە بامبوو بگات بە بەرزی بینایەک؟

گەر وەڵامەکەت بریتیە لە مانگ و نیوێک،

زۆر هەڵەیت!

چونکە پێنج ساڵی ویستووە بۆ گەیشتن بەم بەرزیە نەک تەنها مانگ و نیوێک، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا ڕاستە ڕووەکی بامبوو خۆی دەرنەدەخست، بەڵام لە ژێرەوە، لە ناو ئەرزەکەوە، ڕەگەکانی گەشە پێدەدا و پتەوتری دەکرد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پاڵشت بێت بۆ ئەو خێرا گەشەکردنە.

گەر لەماوەی ئەو پێنج ساڵە پاڵپشتی و چاودێری وردی ڕووەکەکە نەکرایە و بە پێی پێویست ئاو نەدرابوایە ڕەنگە ڕووەکەکە بمردایە.

گەشەکردن پێویستی بە تەحەمول هەیە، پێویستی بە ڕوئیا هەیە، ڕوئیای ئەوەی ڕاستە کە تۆ ئێستا هیچت لێ دیار نیە و ئەوە چەند ساڵە هەوڵ لەگەڵ شتێک دەدەیت کە هیچ بەرهەمێکی نیە،

بەڵام دەزانی و دڵنیای کە لە داهاتوودا بەجۆرێک بەرهەمەکەی دەبینی کە بە خێراییەکی زۆر دەگات بەو شوێنەی کە تۆ دەتەوێت.

دار ئەگەر ساڵێ بەری نەهاورد
نابێ بیبڕی، بیکەی ورد و پرد

پەندی کوردی

سروشتی بەرگری

سروشتی مرۆڤ وایە،

مرۆڤ ئەو ملیۆنان ساڵەی کە گەیشتووە بەم قۆناغەی ئێستا،

بە شێوەی بەرگری و هەوڵدانی بۆ مانەوە گەیشتووە بە ئێرە.

بە مانایەکی تر،

مرۆڤ سروشتی وەهایە کە ترسی هەیە لە سەرکەشی، چونکە مەترسیدارە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە سەرکەشیەکەدا لەناو بچێ،

واتە سروشتی مێشکی مرۆڤ وەهایە کە دایم و بە بەردەوامی ڕەتی ئەو فکرە و بیرۆکانە دەکاتەوە کە سەرکەشیان تێدایە و شتی نوێن.

چونکە شتی نوێ واتە شتێک کە پێشتر مێشک نەیدیوە،

بەمەش مێشک وا بیردەکاتەوە کە ئەمە مەترسیە و ڕەنگە شکستی لەدوا بێت و ببێتە هۆی لەناو چوون،

بۆیە هەمیشە سروشتی مێشک وایە کە ئەو ڕێگایانە هەڵدەبژێرێ کە دووبارەن و ناسراون، ئەو ڕێگایانە پێشنیار دەکات کە کە خەڵکی زۆر و بە بەردەوامی پێیدا ڕۆیشتوون.

بۆیە گەر مرۆڤ بیەوێت شتی نوێ تاقیبکاتەوە،

سەرەتا دەبێ بەسەر ئەو ترسە سروشتیەی مێشکیدا سەرکەوێت،

سەرەتا دەبێ لەو جەنگەی ناو ناخی بەرێتەوە کە ڕێگە نادات سەرکەشی بکات،

چونکە سروشتی مرۆڤ ئەوەیە

کە بەرگری بکات بۆ مانەوە و

دووربکەوێتەوە لە مەترسی،

سروشتی مێشک وا دیزاین کراوە کە ئاسوودەبێت

نەک سەرکەشی بکات و شتی نوێ تاقیبکاتەوە.

لەسەر هەر مرۆڤێکە
کە لە جەنگی سەرەکی بباتەوە
کە بردنەوەیە لە ناخی خۆی،
سەرکەوتنە بەسەر ئەو دەنگەی ناو ناخیدا
کە ڕێگریمان لێدەکات
بگەین بەو شتەی کە دەمانەوێت.

خەوتن

ژیری دژی سیستەمە، ژیری دژی سیستەمی ئابووری و بازرگانیە، ئازادی مرۆڤەکان دژی سیستەمی دەسەڵاتدارەکانە. تۆ گەر ئازاد بیت و بە دوای خەونەکانت بکەویت وەکو ئەوە وایە کە دژی ئەو سیستەمە بوەستیتەوە کە لە دەوروبەرتە.

گەر تۆ بەدوای خەون و خولیاکانت بکەویت و ئازاد بیت، سیستەم پەکی دەکەوێت و ناتوانێت تۆ بەکاربهێنێ و بتکاتە کرێکاری سیستەمەکەی خۆی.

گەر تۆ ئازاد بیت و تواناکانی خۆت بەکاربخەیت، واتە تۆ بە شتێکی کەم ڕازی نیت و ئەوان دەبێ شتی زیاتر بە تۆ بدەن، بۆیە سیستەم هەمیشە دەیەوێت مرۆڤێکی زیرەک بەرهەمبهێنێت بەڵام تەنها زیرەک بێت و ژیر نەبێت، زیرەک بێت و پرسیار نەکات، زیرەک بێت و مەڕ بێت، زیرەک بێت و ئەو شتانە بکات کە سیستەمەکە دەیەوێت.

کوڕێک ڕۆژێک ڕێی دەکەوێتە شوێنێک کە زۆر

تایبەتە، ئەو شوێنە جێگایەکی خەوتنی زۆر نایابی لێ بوو، قەنەفەکانی زۆر نەرم و لە پەڕەی تاوس بوون، سەرینەکانی هێند نەرم لە لۆکە دروستکرابوون، ژوورەکە زۆر ڕازاوە و جوان بوو کە وا هەستت دەکرد کە لە بەهەشتدایت نەک لە ژوورێک. ئاوازێکی زۆر ناسک و نەرمیش بەبەردەوامی پێبوو. ئەو کوڕەش ڕێک چووە سەر قەنەفەکە و بەو ئاوازە ناسکەوە خەو بردیەوە، دواتر گڵۆپەکان ئۆتۆماتیکی کوژانەوە بۆ ئەوەی بە ئارامی بخەوێت.

لە ناکاو کەسێک هات بە تەشتە ئاوێکی زۆر سارد و بێ ڕەحمانە ئاوە ساردەکە بە کوڕە نوستووەکەدا کرد و ئەو کوڕە لەو خەوە خۆشە بێدار دەکاتەوە، وە کوڕەکەش بە شۆکەوە لە خەو ڕادەچڵەکێت.

لەو نمونەدا ئەو کوڕە لەو چیرۆکەدا نمونەی کۆمەڵگا دەنوێنێت و ژوورەکەش دونیایە، ئاوازە ناسکەکەش کە بۆ خەوتنە وەک کاری سیستەم پیشان دەدات.

وە ئەو کەسەی کە ئاوە ساردەکە بە کوڕەکەدا دەکات ئەو کەسەیە کە تێگەیشتووە و دەڵێ هەستە لەو خەو، تۆ بۆ نوستن لێرە نیت، هەستە لە خەو تۆ بۆ ئەوە لێرە نیت بخەویت و خەون ببینیت، تۆ بۆ ئەوە لێرەیت بە چاوەکانی خۆت شتەکان ببینیت نەک بە خەون.

سیستەم ئەمە ئیشیەتی کە نارامی و ناسودەیی بێنن بۆ مەملەکەت بە ڕیکلام و میدیا و کۆمپانیا و کتێب و نووسەر و ئەستێرەکانی سینەما و بازرگان و مامۆستایانی زانکۆ و پیاوە ئایینیەکانیانەوە خەڵکی دەخەوێنن و ئاواز و سازی ناسک و نەرم دەژەنن بۆ ئەوەی مەملەکەت لە خەوەکی ناسوودە و هێمندا بژی و بەردەوام لە خەودا بێت و خۆشیان بە ئاسوودەیی ئەم خەڵکە بەکاربهێنن بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت.

ئەوانەی بۆ سیستەم ئیش دەکەن بە هەموو پێڕێکیانەوە و بە هەموو ئایدیایەکەوە پێکەوە یەک ئیشیان هەیە و دەستیان لەژێر یەک کاسەدایە، چ مەلا و چ ئاخوند و چ پاپا و چ ئاغا و چ نوسەر چ قەشەکانیش یەک ئیش دەکەن کە ئەویش بریتیە لە خەواندنی میللەت و لەخەوخستنی تاکەکانی کۆمەڵگا، کاریان ئەوەیە کە مرۆڤەکان دوورخەنەوە لە خۆیان و دایم لە ڕاکردندا بن و کاتیان نەبێ بۆ بیرکردنەوە لە خۆیان، لە حەوتی بەیانیەوە تاوەکو حەوتی شەو لەسەر مێز و کورسەکانیان کارت پێ دەکەن و بەکارتدەهێنن بۆ خۆیان، لە هەموو کەلێنێکدا شتێکیان داناوە بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبیت لەو حاڵەی کە تێیدایت و دوورت دەخەنەوە و هەمیشە دەیانەوێت بتخافڵێنن و بیر لەوە نەکەیتەوە کە تۆش یەکێکیت لە کۆیلەکانی دەستی ئەوان.

هەمـوو کاریـان ئەوەیـە کـە هەمیشـە سـەرقاڵبیت و بیـرت نەچێت بـەلای ئـەوەدا کـە کۆیلەیەکـی دەسـتی سیسـتەمی.

تەنهـا جیـاوازی کـە سیسـتەمەکان هەیانـە ئەوەیـە کـە ناکۆکـن لەسەر ئـەوەی چۆن و بە چ ئاوازێک خەو لـە خەڵکی بێخن، ئـەو بـە ئاوازێکـی ناسـک و هێـواش و ئـەویش بـە ئاوازێکـی تـەڕ و ئەویتریـش بـە جۆرێکـی مۆدێرنانـە، ئـەوە تاکە جیاوازیانـە. هەموویـان دەیانەوێت ئارامتریـن و ئاسوودەترین خەو بهێنن بۆ ئەو خەڵکـە، وایـان لـێ بکـەن کـە بێزار نەبـن لـەو کارەی کـە دەیکـەن، وە لێکۆڵـەر و مرۆڤـی زۆر لێهاتوشـیان هەیـە و تەنانـەت زانکـۆ و بڕوانامەشـیان هەیـە بـۆ ڕاهێنانکـردن بۆ بـواری لەخەوخسـتن و بڕوانامـەی باشـترین لەخەوخەریـش دەبەخشـن بـە لێهاتووترینیـان!

ئیشـی هـەر یەکێـک لـە ئێمـە ئەوەیـە کـە یاخـی ببیـن لـەم سیسـتەمەی کـە دەوری ئێمـەی داوە، کاری هـەر یـەک لـە ئێمـە ئەوەیـە کـە خۆمـان بدۆزینـەوە و لـەو سیسـتەمە خۆمـان دەربـاز بکەیـن و ئـەو توانـا و لێهاتوویـەی کـە هەمانـە بەکاریبهێنیـن دوور لـە سیسـتەمەکە، چیتـر بێینـە دەرەوە و سیسـتەم بەکارمـان نەهێنێـت وەکـو ئامێرێکـی ڕۆبۆتیـک، بەڵکـو خۆمـان ئـەو تواناکانمـان بەکاربهێنیـن و بیـن بـەو شـتەی کـە دەمانەوێت.

بێگومـان تووشـی بەربەسـتی زۆر دەبیـن گـەر بمانەوێت لـەم

سیستەمە بێینە دەرەوە، بەڵام
کێشەی
سەرەکی
ئەوەیە
کە ئێمە
تەنانەت
نازانین کە
لەناو سیستەمەکەشداین.
کێشە ئەوەیە کە هەموومان وا دەزانین کە کەسێکی
ئازادین،
بەڵام نازانین کە ڕۆبۆتێکی دەستی سیستەمین،
نازانین کە بەشێکین لە سیستەمەکە،
نازانین کە بەکارهێنراوین،
نازانین کە سیستەم ئێمەی بردۆتە خوێندنگە و زانکۆکانی
خۆی و فێری ئەوەی کردووین کە بەردەوام گوێڕایەڵی یاساکانی
سیستەم بین و گەر گوێڕایەڵی قسەکانی نەبین سزا دەدرێین،
گەر ئەو شتە نەکەین کە سیستەم داوای لێ دەکات ئەوە
بە تاوانبار و خیانەتکار لەقەڵم دەدرێین.
کێشە ئەوەیە کە ئێمە تەنانەت ناشزانین کە سیستەمێک
بوونی هەیە،

خاڵی یەکەم و هەنگاوی یەکەم
ئەوەیە کە چاوەکانمان بکەینەوە و قەبوڵمان بێت کە سیستەمێک هەیە.
سیستەمێک هەیە کە وەکو ئامێر مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکات،
کۆنترۆڵمان دەکات،
یاسا و ڕێسامان بۆ دادەنێت،
هەرچی ویستی لە خوێندنگە و زانکۆ لە مێشکمانی دەخات،
چۆنی بوێ ئاوا ئاراستەمان دەکات،
بۆ کوێی بوێ ئاوا دەمان بات، بۆشمان نیە کە پرسیار بکەین.
بەجۆرێک ئەم سیستەمە کار دەکات کە وا هەست دەکەین کە بڕیار بەدەست خۆمانە بەڵام نازانین کە هەردوو ئیختیارەکەش هەر سیستەم دایناوە،
سیستەم پێت دەڵێ لە نێوان بزماری کورت و بزماری درێژدا دەبێ یەکێک هەڵبژێری،
تۆش دڵت خۆشە کە توانای هەڵبژاردنت هەیە،
بەڵام نازانی کە هەردووکیان هەمان دەرئەنجامیان هەیە و هەردووکیان بەشێکی سیستەمەکەن، نازانی کە لە هەردووکیاندا سیستەمەکە وەکو چەکوش هەر پێتدا دەکێشێ.

سیستەم بلیۆن دۆلار خەرجدەکات لە ڕیکلام و کۆمپانیا و تەواوی ئەو شتانەی کە لە دەورمانن بۆ ئەوەی ئێمە هەست بە ناشیرنی و نا ناسوودەیی و نا نارامی و پەستان و دڵتەنگی بکەین،

بۆ ئەوەی ئێمە هەست بە کەمی بکەین،

بۆ ئەوەی ئێمە هەست بەوە بکەین کە کەمترین لەو کەسانەی کە ئەوان نیشانی ئێمەی دەدەن،

بۆ ئەوەی کە ڕقمان لە خۆمان بێ.

چونکە گەر ئێمە هەست بە ئاسوودەیی بکەین،

گەر ئێمە قەناعەتمان هەبێ بە خۆمان،

گەر ئێمە خۆمانمان خۆش بوێ، ئەوە ئەو خۆخۆشویستنەمان زەردەرە بۆ سیستەم و ئابووری ئەوان،

زەردەرە چونکە گەر ئێمە دڵخۆش بین و ئاسوودەبین،

گەر ئێمە دڵتەنگ نەبین و خۆمانمان قەبوڵ بێت، ئەوکات پێویستیمان بەوە نابێت کە بچینە ناو سیستەمەوە و کاریان بۆ بکەین و شتەکانیان لێ بکڕین و وزە و کاتی خۆمانیان بۆ تەخان بکەین،

بۆیە

ئەوان

هەمیشە لە کاردان

بۆ ئەوەی ئێمە سەیری ناو ناخی خۆمان نەکەین،
بۆ ئەوەی خۆمان نەدۆزینەوە،
خۆمانمان خۆش نەوێت و هەمیشە وا بین کە پێویستیمان بەوان هەبێت.

قیبلەکە

ڕۆمانی کیمیاگەرەکە ئەوەی پاولۆ کۆیلۆ کە یەکێکە لە ڕۆماننوسە دەرکەوتوترینەکانی ئەم دواییە، ڕۆمانێکی جوانە کە دەتوانین بیکەینە دەستکەللایەکی جوان بۆ تێگەیشتن لە نهێنیەکە، لە ڕاستیدا لە ڕۆمانەکەدا ئەو شتە باس ناکات کە ئێستا باسیدەکەین، بەڵکو ئەوە وێچواندنێکە و دەمانەوێ بەکاریبهێنین بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە بە ڕوونی.

کارەکتەری ڕۆمانەکە ناوی سانتیاگۆیە، ئەو کوڕێکە لە ئەندەلوس دەژی، سانتیاگۆ لە خەونیدا گەنجینەیەک دەبینێت لە میسر لای هەڕەمەکان، چەند شەوێک ئەو خەوە دووبارە دەبێتەوە تاوەکو سانتیاگۆ قەناعەتی دێ کە بچێ بەدوای ئەو گەنجینەیەدا و هەرچی دارونەداری هەیە هەمووی دەفرۆشێ و لە ئیسپانیاوە بەرەو میسر دەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی ئەو گەنجینەی لە خەونیدا دیویەتی لە ڕاستیدا بەدەستی بێنێ. لەو سەردەمدا

کە ڕۆیشتن بە سواری وشتر و وڵاخ و ئەسپ بوو زۆری پێدەچوو لە ئەندەلوسەوە تاوەکو دەگاتە میسرێ.

دەبوایە چەندین وڵاتی بڕیبان تا دەگەیشتە شوێنی مەبەست، لە ڕێگادا توشی نەهامەتی زۆر بوو و دزی لێکرا و پارەی ناما، چەندین نیشی کردووە تا نانی خۆی پەیدا کا، چەند مانگ بوەتە چایچی بۆ ئەوەی کرێی خواردن و مانەوە دابین بکات، تەنانەت ویستویەتی بگەڕێتەوە و دەستبەرداری خەونەکەی بێت وەلێ پارەی پێنەماوە بگەڕێتەوە.

سانتیاگۆ بە سەد ئاه و دەردەسەری و کولەمەرگی دەگاتە نزیک میسر، لە بیاباندا پێش ئەوەی بگاتە میسر، جەردە ڕێگا بە کاروانەکەی دەگرن و هەرچی لە کاروانەکەدا هەیە ڕووتی دەکەنەوە، کە سەرە دێتە سەر سانتیاگۆ، کابرای سەرۆک دزان دەبینێ ئەو کورە بیانیە و هی ئێرە نیە، زۆری لێ دەکەن و شمشێری لە ملی سانتیاگۆی دادەنێ، لێی دەپرسێ ئەتۆ کێیت و چ کارەیت و بۆ هاتویەتە میسرێ. سانتیاگۆش حاڵ و مەسەلەکەی تێدەگەیەنێ کە لە خەونیدا گەنجینەیەکی بینیوە لە هەرەمەکانی میسرێدا. کابرای دزەش دەدا لە قاقای پێکەنینێ و گاڵتە بە سانتیاگۆ دەکات، پێی دەڵێ هەی گەمژە تۆ ماڵێ خۆت بە جێ هێشتووە و ئەو هەموو وڵاتەت بڕیون تا بەدوای شتێکەوە بکەویت کە لە خەونێتدا بینیوتە؟!

دواتر کابرای دزەش پێی دەڵێ: جا کە وابوایەوە منیش وەک تۆم کردبایە ئەوە منیش ئەوەندە ساڵ پێش ئێستا خەونێکم بینی کە لە ئیسپانیا لە فڵانە شوێنە و فڵانە بن دارەی گەنجینەیەکی لێیە، لە خەونمدا ئەو گەنجینەیەم بینی، بەڵام وەک تۆ گەمژە نەبووم کە بەدوای بکەوم.

لەم کاتەدا سانتیاگۆ کە گوێی لەو قسەیە بوو سەری سوڕما و بۆ ساتێ بێدەنگ بوو، ئەوە ئەو شتە بوو کە ئەو ئەو هەموو ڕێگایەی بۆ بڕیبوو تا بیبیستێ لەو دزەوە، ئاخر دزەکە کە وەسفی ئەو شوێنەی کرد کە لە خەوەکە بینیبووی نزیک ماڵی سانتیاگۆ بوو، بەمەش سانتیاگۆ دوای بەرەڵاکردنی لەلایەن دزەکانەوە لە میسرەوە دەگەڕێتەوە دوای ماوەیەکی زۆر لەو هەموو دەردەسەریەی کە بەسەری هاتبوو ، دێتەوە هەمان شوێنی خۆی و ئەو گەنجینەیەی کە بەدوایدا دەگەڕا لە میسرێ لە بن پێیەکانی خۆیی بوون، ئەو هەموو ڕێیەی بڕی بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە.

واتە ڕاستە سانتیاگۆ بە دوای گەنجینەکەوە بوو، بەڵام پشتی لە گەنجینەکە بوو، ئێ کە تۆ پشتت لە شتێک بوو ئەوە هەرچەندە بڕۆیت بە دوایدا ئەوە هەر دوور دەکەویتەوە، واتە کێشەی سانتیاگۆ ئەوە نەبوو کە بەدوای گەنجینەکەدا دەگەڕا ، بەڵکو کێشەی سانتیاگۆ ئەوە بوو کە قیبلەکەی

هەڵە بوو، ئاڕاستەکەی هەڵە بوو، ئەو بۆ گەنجینە دەگەڕا لە میسر، بەڵام گەنجینەکە لە ئیسپانیا بوو.

ئێستا لەو نمونەیەوە یەکەم شت کە دەبێ سانتیاگۆ بیکات ئەوەیە کە چیتر نەڕوات، بوەستێ، چیتر بەدوای گەنجینەدا ڕانەکات، چونکە هەرچەندی بڕوات زیاتر دوور دەکەوێتەوە، بۆیە لەو ڕێگایەدا دزێک دێتە بەردەمی پێی دەڵێ بوەستە، تۆ هەڵەی، ئەمە ڕێگای تۆ نیە، تۆ پشتت لە گەنجینەکەیە، روو لە گەنجینەکە بکە ئینجا تۆ دەتوانی پێی بگەیت.

ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە مەولانای ڕۆمی بە ئێمەی دەڵێ :

"هۆ ڕێبوار تۆ بە تەمای حەج بەڕێکەوتووی
بوەستە ڕێگاکەت هەڵەیە
چونکە تۆ ڕووت لە تورکستان کردووە."

یان شێخی سەعدی کە دەڵێ:

(تۆ نوێژەکەت دەکەیت،
وەلێ پشتت لە قیبلەیە).

ڕووت لە کەربەلا کردووە نەک مەککە، ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ ڕووگەکەت هەڵەیە، تۆ کە ڕووگەت هەڵەبوو هەرچی بکەیت و هەوڵ بدەیت بێسوودە، تۆ هەر بڕۆ هەرگیز ناگەیتە مەککە گەر ڕووت لە تورکستان بێ، ناگەیتە

گەنجینە گەر رووت لە میسر بێ.

مەبەست ئەوەیە یەکەم خاڵی ئەساس بریتیە لەوەی کە ڕووگەکە کارە گرینگەکەیە.

ئیشی ئەو کەسانەی کە سەردارن دەبێ هەر ئەوەبێ، ئەوان نەهاتوون پێت بڵێن چی بخۆ و چی مەخۆ و چۆن هەڵسی و دانیشی، بەقاچی ڕاست یان چەپ بچیتە ژووردوە، ئیشی سەرداران ئەوە بووە و ئەوەیە بڵێن کاکە هەی ڕێبوار تۆ ڕووگەت هەڵەیە ڕووگە، تۆ ئاڕاستەکەت غەڵەتە، تۆ ڕووت لە کەربەلا کردووە و مەبەستیشتە لەوێ بەردەڕەشەکە ببینی!

کارە سەرەکیەکە ئەوەیە کە بڵێین بەو خەڵکە کاکە بوەستن ڕووگەتان بگۆڕن، ئێوە بەدوای شتێکەودن کە نازانن لە کوێیە،

پشتان لەو شتە کردووە کە بەدوایدا دەگەڕێن.

لەو نمونەیەدا بێنە بەرچاوت هەندێ خەڵک یارمەتی سانتیاگۆ دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لەسەر گەشتەکەی بۆ میسرێ، لە ڕێگادا خواردن و ئەسپی چاک و شوێنی نەرمی بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی بە خێراتر و زووتر بگاتە میسر، وتاری بۆ بدەن و نیسحەتی بکەن بۆ ئەوەی شارەزابێ و دز و جەردەی نەیەنە سەر ڕێگا، فێرە شەڕکردن ببێت و گەر هێرشیان بۆ هێنا بەرگری لە خۆی بکات.

ئەم شتانە فێر ببێت بۆ ئەوەی بە سلامەتی بگاتە لای گەنجینەکە لە میسڕ.

ئێستا بەو چاوەوە سەیری بکەیت، ئەوە ئەو کەسەی یارمەتی سانتیاگۆی داوە کارەکی چاکی کردووە، ئەسپی بۆ دابین کردووە، خواردنی بۆ داناوە، ئاگاداری کردووەتەوە لە دز و جەردەی سەر ڕێگاکە، واتە کەسەکە پیاوەکی چاکە.

وە دزەکەش کە ڕێگا نادا بە سانتیاگۆ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لە گەشتەکەی، هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکا و ڕووت و ڕەجاڵی دەکاتەوە، ئەوە گەر بەو چاوە سەیری بکەیت کەسێکی خراپە.

بەڵام گەر بە چاوێکی ترەوە سەیر بکەین، دەبینین کە ئەو کەسەی کە ئەسپ و خواردنی بۆ دابین دەکات و وای لێدەکات کە خێراتر بەرەو میسڕ بڕوات، ئەو کەسە کارێکی چاکی نەکردووە، وە دزەکەش کە بە ڕووکەش کارێکی خراپی کردووە، بەڵام کارێکی خراپی نەکردووە و تەنانەت کارە ڕاستەکە هی ئەوە کە گوتوویەتی بوەستە و ڕووگەکەت بگۆڕە.

هەر چەندی مرۆڤ بەردەوام بێت لەسەر یارمەتیدان لەسەر ڕێگەکە ئەوە هەر دوور دەکەونەوە لە مەبەستی سەرەکی، چونکە ئاڕاستە و ڕووگەی مرۆڤەکان هەڵەیە، تۆ دەبێ سەرەتا

رووگەی کەسەکان بگۆڕی، ئینجا کار لەسەر ئەوە بکەیت کە چۆن بچێتە شوێنی مەبەست.

بەڵام کێشە ئەوەیە کە مرۆڤەکان چەندی لەگەڵیان بلێیتەوە ئەوە هەر هەستناکەن و تێناگەن کە ئەو ئیشەی دەیکەن هەڵەیە، چونکە لە چاوی ئەوان ئامادەکردن و خێراکردنی گەشتەکە ئیشێکی چاکە، بەڵام تێناگەن کە گەر ئاڕاستەکە هەڵەبوو ئەوە هیچ سودێکی نیە.

ئەو وتانەی
کە هێزم پێدەبەخشن:

بەهار

تۆ دەتوانی
هەموو گوڵەکان ببڕیت و
پارچەیان بکەیت،
بەڵام بیرت بێ،
هەرگیز ناتوانیت
وابکەیت
کە بەهار کۆڵبدا لە هاتن و
نەیەت!

"پابلۆ نێرودا"

خێزان و هاوڕێ

نهێنیەکانی سەرکەوتن زۆرن

دەتوانم لیستێکی دوور و درێژ لەم بارەیەوە بنووسم،

بەڵام ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی بێ هیوایی،

ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی کوشتنی خەونەکان،

ئەو شتانەی کە هەرچی وزە و لێهاتوویی و ناوازەیی و خولیا و ئارەزوو هەیە دەکوژێت،

جگە لە دوو شت زیاتر هیچی تر نیە بۆ مرۆڤی کورد،

ئەو دوو شتەش

بریتین لە خێزان و هاوڕێ.

دڵتەنگم بەمە بەڵام ئەم دوو شتە تێکدەر و بەربەستی هەرە سەرەکین بۆ کوشتنی خەونەکان.

وە ڕەنگە جێگەی سەرسامیش نەبێ گەر سەیری ئەو کەسانە بکەین کە بەدوای خولیا و خەونەکانیان کەوتوون،

دەبینیت کە هۆکەی ئەوە بووە

که خێزانەکەی
یان هاوڕێکانی
پاڵپشتی سەرەکی بوون بۆ ئەمە.

ئیتر دەمەوێ بڵێم
گەر خێزانەکەت یان هاوڕێت هەن کە پشتگیریت دەکەن،
ئەوە خۆشبەختیت و قەدریان بزانە.
وە گەر دەبنە بەربەستیش لەبەردەمت،
کەواتە
ڕێگەکەت
سەختە و
بەهێز بە!

خەڵك

ئێمە
هێندەی
گرینگی
بە قسەی
خەڵک دەدەین،
چارەکی ئەوەندە
گرینگیمان
بە خۆمان دابوایە،
ئێستا
چیرۆکی
ژیانی ئێمە
جۆرێکی تر دەبوو!

جدی وەریگرە!

ئەم قسەیەم بە زۆر کەس گوتووە ڕووبەڕوو،
بەڵام هیچ کەسێک بە جدی وەرینەگرتووە و
تەنانەت زۆربەیان بە هەڵە لێم تێگەشتوون.
من ئێستا ئەم قسەیە بە هەموو کەسێک ناڵێم،
چونکە دەزانم دیسان بە جدی وەرینا گرن،
بەڵام
بە تۆی دەڵێم
ئیتر تۆش ئازادی جدی وەریدەگری یان نا.
"تۆ
گەر دەتەوێت
تواناکانت دەرخەیت،
دوورکەوە لە مرۆڤی ڕەشبین.
تۆ شایەنی زۆر لەوە زیاتری

که لەگەڵ مرۆڤی وادا تواناکانی خۆت بپوکێنیتەوە؟“
شتەکە هەر ئەوەندەیە و هیچیتر!

لەلای ئاسنگەر کەسێ دانیشێ
بەرگی دەسوتێ، یان سەری دێشێ

"پەندی کوردی"

ترس لە سەرکەوتن

ڕەنگە ئەمەت لا سەیر بێت،

بەڵام یەکێک لە گەورەترین ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لە سەرکەوتن،

بریتیە لە ترس لە سەرکەوتن.

بەڵێ

ترس لەوەی سەرکەوتوو بیت.

چونکە جورئەتی دەوێ سەرکەوتوو بیت!

جورئەتی دەوێ یەکەم بیت،

چونکە دەبێ لەهەموو ئەو کەسانە باشتری بیت کە لەگەڵ تۆ لە پێشبڕکێکەن!

جورئەتی دەوێ،

چونکە دەبێ بەرگەی هەموو ئەو پەستانە بگریت

کە لە ڕێگەکەدا ڕووبەڕوویان دەبیتەوە!

جورئەتی دەوێ کە بەرگەی

ئەو قسە و شکست و کەوتنانە بگریت کە توشیان دەبیت.

پرسیارە سەرەکیەکە
ئەوە نیە
کە ئایا تۆ دەتەوێت سەرکەوتوو بیت یان نا.
بەڵکو
پرسیارە سەختەکە ئەوەیە
ئایا
تۆ
جورئەتی ئەوەت هەیە سەرکەوتوو بیت؟!

ماسك

چیتر ئەو ماسکە دابنێ،
کە لەبەر خەڵکی لەسەر هزر و ڕووکاری خۆتت داناوە.
ئەو ماسکە فڕێ بدە،
کە بۆ ئەوەت داناوە کە خەڵک تۆیان بە دڵ بێت و ڕەخنەت لێ نەگرن.
ئیتر ببە بە خۆت.
ببە بەو کەسەی و بەو شتەی کە دەتەوێ ببیت،
بێ ئەوەی گوێ بە خەڵکی بدەیت.
ئیتر خۆتت خۆشبوێ،
ئەوەی تۆی بە دڵ بوو باشە،
ئەوەی تۆی بە دڵ نەبوو گرینگی پێ مەدە!

تەمەنی خۆت
بۆچی بەفیڕۆ دەدەیت
لە هەوڵی
ئەوەی
کە خەڵکی تۆی بە دڵ بێ؟

خۆ بە کەم بینین

هەروەکو چۆن خۆبەگەورە زانین شتێکی خراپە

بەهەمان شێوە و تەنانەت خۆ بە کەم بینین شتێکی خراپتریشە.

تۆ بۆچی خۆت بەکەم دەبینیت؟!

بۆچی ئەوە بە شایەنی خۆت نابینیت کە دڵخۆش بیت،

کە سەرکەوتوو بیت،

کە بە خەونەکانت بگەیت؟!

بۆچی

خۆتت

پێ کەمە؟

خەڵکی تر

چی لە تۆ زیاترە!

باشترین هێلکەکەر

گەر لەگەڵ مریشکەکان هاوڕێیەتی بکەیت،

ئـەوە لـە هزرتـدا دەبـێ کـە چـۆن لـە کولانـەدا جێـی خـۆت

خۆشـبکەیت و

ببیت بە باشترین هێلکەکەری ناو کولانەکە.

بەڵام

گەر هاوڕێیەتی هەڵۆکان بکەیت

ئەوە لە هزرتدا دروست دەبێت کە چۆن بفڕیت و

ببیت بە سوڵتانی ئاسمان.

ئەرك

ئەركی تۆ لە ژیان

ئەوە نیە کە بەدوای ئەشق و هیوا و ژیان بکەویت،

چونکە دڵ و ڕۆحت خۆیان بەدوای ئەو شتانە دەکەون،

بەڵکو ئەرکی تۆ ئەوەیە

کە ئەو بەربەستانەی ناو ناخت بدۆزیتەوە و لایان ببەیت،

ئەو بەربەستانە بدۆزیتەوە کە دەبنە ڕێگر و لایان ببەیت کە نایەڵن دڵ و ڕۆحت بەدوای ئەم شتانە بکەوێت.

"مەولانا ڕۆمی"

کامیان هەڵدەبژێری؟

گەر ژیانت بەو شێوەیە لێ نەکەیت کە خۆت دەتەوێ،

خەڵک ژیانت بەو شێوەیە لێ دەکات کە خۆیان دەیانەوێت!

گەر تۆ خۆت خزمەت بە خۆت نەکەیت،

خەڵک بەکارت دەهێنێ لە خزمەت خۆی!

گەر خۆت کۆنترۆڵی ژیانی خۆت نەکەیت،

خەڵک کۆنترۆڵی ژیانی تۆ دەکا لە بەرژەوەندی ژیانی خۆی!

ئیتر

بڕیارەکە

لەدەست خۆتە

کە کامیان هەڵدەبژێری!

پێویست ناکات

تۆ زۆر ناوازەیت
واتە تۆ پێویست ناکات
بەدوای شتی تر و
هێزی تر و
لێهاتوویی تر بگەڕێیت لە دەرەوەی خۆت،
بەڵکو تۆ هەموو شتێکت لە ناخی خۆتدا هەیە و
پێویست ناکا لە دەرەوە بەدوایدا وێڵ بیت.
تۆ زۆر ناوازەیت واتە تۆ زۆر تایبەتیت،
واتە تۆ زۆر بەنرخیت.
واتە تۆ هەموو شتێک و هەموو پێویستیەکت لەناو خۆتدا هەیە.

ئەوەی تۆ لە ئاسمان و
ناو کتێب و
خەڵکی تردا بۆی دەگەڕێیت،
هەمووی
لە ناخی
خۆتدا
بوونی هەیە.

تۆ تەنەکەی خۆڵ نیت!

تۆ تەنەکەی خۆڵ نیت!

بۆچی ڕێگە دەدەی

هەرچی هاتوو چی قسە و وزە و گفتوگۆی بێمانا هەیە بەسەر تۆیدا بدات؟

خۆ تۆ تەنەکەی زبڵ نیت،

کە هەرچی هاتوو بیرە چەوتوو

زانیاریە زبڵ و

قسە بێماناکانیان بخەنە ناو مێشکی تۆوە.

ئیتر کاتی ئەوە نیە بڵێ بوەستن

چیتر من تەنەکەی خۆڵ نیم؟!

بۆچی
ڕێگە دەدەیت
کە خەڵک
زبڵەکانی خۆیان
لە هزری تۆدا
خاڵی بکەنەوە؟

بەهێز بە!

وای دەرخە کە هەمیشە باشیت.

نیشانی بدە کە بەهێزیت.

تەنانەت گەر ژیان بە خراپترین شێوەش ئازاری دابیت.

تەنانەت گەر وردوخاش بووبیت.

تۆ هەر وای دەرخە کە بەهێزترین مرۆڤی سەر زەویت.

مەهێڵە زەردەخەنەی سەر لێوانت ون ببێت.

مەهێڵە ئازارەکانت،

لە چاوەکانتدا ڕەنگبداتەوە.

وابزانن
که تۆ بەهێزیت
زۆر باشترە
لەوەی
کە بزانن لاوازیت و
بەزەییان پێتدا بێتەوە!

نابێ

مرۆڤ

نابێ

بە هەموو بایێ

وە لەرزین کەوێ و

بێتە سەمایێ!

"پەندی کوردی"

شۆڕش

جیهان هەر خۆی بەو شێوەیە دیزاین کراوە
کە توشی فشار و خەفەتمان بکات.
بەختەوەری زەرەزە بۆ ئابووری و
شتێکە کە لەگەڵ ئابووری و بازرگانی جیهان نایەتەوە.
ئاخر گەر ئێمە ئاسوودەبووین بەو شتەی کە هەمانە
بۆچی داوای شتی تر بکەین و چی پێویستمان بە شتی ترە
کە دەستی بخەین؟
چۆن تۆ وا دەکەیت کە دەرمانێکی دژە پیری بفرۆشیت لە
بازاڕ؟
وا دەکەیت کە خەڵکی دڵەڕاوکێ و ڕاڕا ببن لەسەر پیربوون
بۆ ئەوەی دەرمانەکەی تۆ بکڕن.
چۆن دەتوانیت وا لە خەڵک بکەیت کە بیمە بدەن؟
بەوەی کە نیگەرانیان بۆ دروست بکەیت لەسەر هەموو
شتێکی کە هەیانە و دڵنیا نەبن لە هیچ شتێک.

چۆن وایان لێ دەکەیت کە نەشتەرگەری جوانکاری بکەن؟
بەوەی کە عەیب و ناشیرینیەکانی جەستەییەکانیان نیشان بدەیت.

چۆن وایان لێ دەکەیت کە ناچاربن سەیری تەلەفزیۆن بکەن؟
بەوەی کە ئەو هەستەیان بۆ دروست بکەیت کە گەر سەیری تەلەفزیۆن نەکەن وا بزانن کە شتێکی گرنگیان لە دەست دەچێ.

چۆن وا لە خەڵک دەکەیت کە تەلەفۆنێکی نوێ بکڕن؟
بەوەی کە وایان لێ بکەیت کە هەست بە دواکەوتوو بکەن گەر دانەیەکی نوێ نەکڕن؟

لەم سەردەمەدا ئارام بوون خۆی شۆڕشێکە.
شۆڕشە کە ئاسوودە و بەختەوەر بیت بەو شتانەی کە نوێت نەکردوونەوە بە نوێترین تەکنەلۆجیای سەردەم.
قەناعەتکردن بە ئاڵۆزی و شتە خودیەکان و شتێکی باش نیە و زەرەرە بۆ ئابووری و بازرگانی جیهان.

"مات هایگ"

بەختەوەری ،
خۆخۆشویستن،
زەرەرە بۆ ئابووری،
شتێکە کە لەگەڵ ویستی بازرگانی جیهان
نایەتەوە.

ژینگە

گەر باشترین و بەهێزترین دارێک بهێنیت و لە خاکێکدا بیچەقێنیت کە ئەم خاکە گونجاو نەبێت بۆ گەشە کردنی دارەکە،

تەنانەت گەر هەموو ڕۆژێک بە ئاوی کانزایی ئاوی بدەیت و دەرمانی ئەڵمانی لێ بدەیت بۆ پارێزگاری لێ کردن،

دارەکە هەر گەشە ناکات.

چونکە ژینگەکەی هی ئەم نیە،

ڕەنگە بەردەوام بێت لە ژیان، بەڵام دارەکە گەشە ناکات و بەرز نابێتەوە،

تەنانەت بەرزیش بێتەوە ناگاتە ئەو ئاستەی کە توانای ڕاستەقینەی خۆیەتی،

بشگاتە ئەو ئاستەی خۆی ناتوانێت کە بەرهەمی هەبێت،

بەرهەمیشی هەبێت ناتوانێت بەرهەمەکەی ئەو تامەی هەبێت کە تامی ڕاستەقینەی خۆیەتی!

چونکە هەرچەندی دارەکە بەهێز بێت و بە باشترین شتەکانیش خزمەتی بکرێت هەر ناتوانێت بگات بە ئاستی پێویست، چونکە ژینگەکەی هەڵەیە.

مرۆڤەکانیش بەهەمان شێوە ناتوانن بگەن بە باشترین ئاستی خۆیان گەر لە ژینگەی خۆیان نەبن، هەرچەندی ئامێر و تەکنەلۆجیا و سیستەمی سویدی و ئەوروپی و زانکۆی تایبەتی بۆ دروست بکەیت هەر ناگات بەو شوێنەی کە پێویستە پێی بگات، چونکە ژینگەکەی ئەو شتە نیە کە توانای گەشەدانی پێ هەبێت.

ژینگەکەت بگۆڕە،
هاوڕێکانت بگۆڕە،
سەرچاوە سەرەکیەکانت بگۆڕە،
ژیانت دەگۆڕێت.

ڕێجیم کردن!

خەڵکی ڕێجیم دەکەن بۆ ئەوەی ئەو خواردنانە نەخۆن کە بۆ جەستەیان زەرەری هەیە،

پارێز دەکەن لەو خواردنانەی کە ڕەنگە کاریگەری خراپی هەبێ لەسەر تەندروستیان،

بەڵام ئەوەیان بیرچۆتەوە کە شتی تریش هەیە کە دەبێ ڕێجیم و پارێزگاری لێ بکرێت،

شتی ترش هەیە کە لەم ڕێجیکردنە گرینگتریشن بەڵام گرینگیمان پێ نەداوە،

ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ڕێجیم بکەین بۆ گوێیەکانمان بۆ ئەو قسە و گفتوگۆ نەرێنیانەی کە لە ژیانماندا گوێمان لێ دەبن،

دەبێ پارێزگاری بکەین لە چاومان بۆ شتانەی کە سەیریان دەکەین،

دەبێ ئاگاداری ئەو شتانە بین کە دەیخوێنینەوە،

ئاگاداری ئەو شتانە بین کە لە خوێندنگاکان و زانکۆکاندا فێردەکرێین،

ڕێجیم بکەین لەو شتانەی کە لە تەلەفزیۆنەکاندا نیشانمان دەدرێت،

ڕێجیم بکەین لەو خەڵکانەی کە لەگەڵیان ژیان دەگوزەرێنین...

ئاگاداری شتە ڕۆحی و

جەستەیی و

هەستەکانمان بین و پارێزگاری و ڕێجیمیان بۆ بکەین.

دەبێ ئاگاداری
ئەو شتانە بین
کە دەیخەینە
جەستە و
هرز و
ڕۆح و
دڵمانەوە.

فڕین

زانین بەتەنیا نهێنیەکە نیە

بەڵکو مرۆڤ دەبێ ئەندێشەی هەبێ،

دەبێ تموحی هەبێ،

دەبێ ڕوئیا و بینینی گەورەی هەبێ و ئەو زانینەی ببێتە هۆی ئەوەی کە شت ببینێ کە خەڵکی تر نایبینێ.

دەبێ ئامانجی شتێکی هەبێ کە لە دەرەوەی ئەو بازنەیەیە کە خەڵکی پێی بیردەکەنەوە و شتەکانی پێ دەبینن.

زانین ئەوەیە کە تۆ دەزانیت کە دەتوانیت بفڕیت،

بەڵام گەر تموحت نەبێت،

گەر ئاوات و بەرزخواز نەبیت،

وەکو باڵندەیەک وایت کە ناتوانیت بفڕیت!

چونکە سنوردار بیردەکەیتەوە،

چونکە تموحت نیە.

هەرچەندە
تۆ باڵندەی،
باڵت هەیە،
بەڵام
توانای ئەوەت نیە کە بفڕیت،
چونکە
فڕین
لە هزرتدا نیە.

بێ هیوا بە!

ڕەنگە پێت وابێ دەبێ هەمیشە هیوامان هەبێ،
بەڵام من پێم وایە دەبێ هەندێک جار بێ هیوا بین!
هەندێکجار هیوا دەرەنجامەکەی ناگات بە هیچ.
هەندێکجار وات لێ دەکات دابنیشی و هیچ نەکەیت.
وات لێ دەکات چاوەڕێ بیت چونکە هیوات بە شتەکە هەیە.

وات لێ دەکات هیچ گۆڕانکاریەک نەکەیت لە ژیانی خۆت چونکە شتەکەت پێ باشە.
وات لێ دەکات لە شوێنی خۆت بمێنیتەوە چونکە قەبوڵتە و بێ هیوات نیت لێی.
بەڵام بۆ گۆڕانکاری،
بۆ ئەوەی شتێک بگۆڕیت.
سەرەتا دەبێ بێهیوا بیت لێی بۆ ئەوەی دەست بکەیت بە شتێکی نوێ.

دەبێ نەرێنی بین بەرامبەر ئەو شتەی کە هەیە بۆ ئەوەی کە بڕیاربدەین کە بیگۆڕین و شتێکی چاکتری لە جێگە دابنێین.

گەر هیوات پێیان هەبێ
وەکو خۆیان لێی دەگەڕێیت.

تۆ هەتا بێهیوا نەبیت
لەو شتە
خراپانەی کە هەن،
ناتوانیت
گۆڕانکاریان تێدا بکەیت.

جیاوازیەکە

جیاوازیەکە ئەوەیە کە تۆ چاوەڕێی ئەوە دەکەیت،
کە کەسێک دڵخۆشت بکات ئینجا تۆ دڵخۆش دەبیت.
چاوەڕێی ئەوەیت کە کەسێک بێت و ژیانت بگۆڕێت،
ئینجا ژیانی تۆ دەست بە گۆڕان دەکات. چاوەڕێی ئەوەی کە مامۆستاکەت وانەکانت تێبگەیەنێ.
چاوەڕێی ئەوەیت کە یەکێک دەستت بگرێ بۆ ئەوەی دەست بە کردنی ئەو شتە بکەیت کە لە هزتدایە.
چاوەڕێی ئەوەیت کە یەکێک یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی هەنگاو بنێیت.
چاوەڕێی ئەوەی کە یەکێک بێت ژیانت خۆش بکات.
چاوەڕێی ئەوەیت کە خەڵکی تۆیان قەبوڵ بێت ئینجا تۆ خۆت قەبوڵ دەکەیت. چاوەڕێی ئەوەیت کە خەڵکی تۆیان خۆشبوێت ئینجا تۆ خۆتت خۆشبوێت.
بەڵام ئەو

چاوەڕێی هیچ شتێک ناکات،
چاوەڕێی هیچ شتێک لە هیچ کەسێک ناکات،
تەنانەت چاوەڕێی دەستخۆشی و پێزانینەکانیشیان!
چاوەڕێی ئەوە ناکات کە خەڵک ئەوی خۆشبوێ و
قەبوڵی بێ و یارمەتی بدەن و دەستی بگرن.
خۆی ئەو شتانە دەکات، بێ چاوەڕێکردن.
ئەمەیە جیاوازیەکە.

چاوەڕێی ئەوەیت
کە کەسێک بێت و
ژیانت بگۆڕێت
ئینجا ژیانی تۆ دەست بە گۆڕان دەکات.
زۆر هەڵەیت!

بەجەهەننەم

تۆ هەرچی بکەیت
ئەوان هەر ڕەخنە دەگرن،
دەی کەواتە
بەهەر شێوەیەک بێ و
هەرچۆنێک بێ
هەر ئەو شتە بکە کە لە خەیاڵتدایە.
گرینگی بە قسەی ئەوان مەدە.
بە جەهەننەم کە ئەوان چی دەڵێن و
چۆن بیردەکەنەوە لەوەی کە تۆ چیت و کێیت.

هەڵدەستینەوە

دەکەوین،

شکست دەهێنین،

دەشکێین،

بەردەبینەوە،

ورد دەبین،

برینداردەبین،

بەڵام

دواتر

برینەکان سارێژ دەبنەوە،

پارچە وردبووەکانمان کۆ دەکەینەوە،

چاک دەبینەوە،

هەڵدەستینەوە،

وە

دووباره دەستپێدەکەینەوە و
ئەو شتە دەکەین کە هەمیشە لە خەیاڵماندا بووە.

خۆمانین

لە شوێنێک مەمێنەوە کە تواناکانت سنووردار دەکەن.

ڕێگە مەدە باڵەکانت بشکێنن.

مەمێنەوە لەو شوێنەی کە تواناکانت ڕێزلێنەگیراوە.

دوورکەوە لەو شوێنەی کە زیندانە بۆ هزرت.

بەڵام کە دوورناکەوینەوە،

کە هەر ڕێگە بەمە دەدەین،

کە هەر ئاسوودەین بەم سنووردانانەیان،

کە هەر لامان ئاساییە کە بەم شێوەیە بژین و مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ.

ئیتر کەوایە کێشەکە لە خۆمانە،

کێشەکە

لە خۆمانە.

خۆمان خودی بەربەستەکەین.

خۆمان تواناکانمان زیندانی کردوون و سنوورمان بۆ داناون.

خۆمان
خودی
زیندانەکەین.

سەختترین

کاتێ لە بارودۆخێکی سەختدایت،
کاتێ هەست دەکەیت کە ئیتر بەرگە ناگریت،
کاتێک دەگەیتە شوێنێک کە چیتر تەحەمولت نامێنێ و دەڵێی تەواو ئیتر تەسلیم دەبم.
لەو کاتە
تەسلیم مەبە،
چونکە
لە وەختەدایە،
لەو چرکەیەدایە کە ژیانی تۆ دەست بە گۆڕان دەکات.
چونکە ژیانی مرۆڤ لە بارودۆخە ئاساییەکاندا نیە کە دەگۆڕێت،
بەڵکو بارودۆخە سەختەکانن کە ژیانی مرۆڤ دەگۆڕن.
بۆچی؟
چونکە زۆربەی مرۆڤەکان لە بارودۆخە سەختەکان کۆڵیان

داوە، وە ئەوانەی کە کۆڵ نادەن شتی زیاتر بەدەست دەهێنن، چونکە هەموو چانسی بردنەوە بۆ ئەوان دەمێنێتەوە و بە تەنها و بێ ڕکابەر دەچنە سەر سفرەکە.

تەنانەت کە لە هەموو کاتێکیشدا کۆڵبدەیت لە بارودۆخە سەختەکاندا کۆڵمەدە،

چونکە لە کاتە سەختترینەکاندایە کە دەرگاکان دەکرێنەوە، کە قفڵەکان دەبنەوە، کە زنجیرەکان لەبەر توندیان دەشکێن و ڕێگاکە دەکرێتەوە لەبەردەمت.

له بارودۆخە
سەختەکانە
کە زنجیرەکە
دەپسێت.

تایبەتیت

ڕەنگە خەڵکی لە تۆ جوانتر هەبن،
ڕەنگە خەڵکی لە تۆ زیرەکتر هەبن،
ڕەنگە یەکێک هەبێ لە تۆ گەنجتر.
بەڵام هەمیشە ئەوەت بیر بێت،
لە هەموو گەردووندا بگەڕێیت،
هەموو دونیا بنۆڕیت،
هەموو ئاسمان و زەوی لێکبدەیت،
کەسێ نابینیتەوە وەکو خۆت.
تۆ لە هەموو گەردووندا تاکیت.
نیە کەسێک وەکو تۆ.
تۆ تایبەتیت.
تۆ دەگمەنیت.
تاکیت.
کۆپی نیت.

ئۆرجینالّی.
نە لە ڕابردوو وەکو تۆ هەبووە و
لە داهاتووشدا یەکێ دەبێ کە وەکو تۆ بێت.
دەی شانازی بە خۆتەوە بکە.

کۆنترۆڵی ئێمە

ناکرێ وشە و قسەی خەڵکی کۆنترۆڵی ژیان و بارودۆخی ئێمە بکات.

ناکرێ کاردانەوەمان بەرامبەر بە هەموو شتێک هەبێ
که خەڵک لە بەرامبەرماندا دەیکەین.

ناکرێ کۆنترۆڵ و دڵخۆشی و تووڕەیی ئێمە بەدەست قسەکانی خەڵک بێت،

چونکە گەر وا بێت
ئەمە مانای ئەوەیە کە کۆنترۆڵی ئێمە
لەدەست خەڵکە و بە بچوکترین قسەی ئەوان دەبین بەو شتەی کە ئەوان دەیانەوێت.

گەر بە هەرچی قسە کە پێمان گوترا بێتاقەت بین،
کەواتە هەردەم بەردەوام دەبین لە ئازار چەشتن.

هەڵسەوە

کە بەردەبیتەوە، کە شکست دەهێنیت،
ئاهەنگی مریشکەکانە.
چونکە هەمیشە حەز دەکەن بە کەوتوویی بتبینن.
چونکە ئەوان ناتوانن بفڕن،
ناتوانن بگەن بەو بەرزیەی کە تۆ پێی گەیشتوویت.
ئاساییە،
تۆ بکەوە،
شکست بهێنە،
بەڵام دووبارە هەستەوە.
نیشانی بدە کە ئەم جارە بەرزتر دەبیتەوە لە جاری پێشوو.
نیشانی بدە کە کەوتن شتێکە هەموو کەس تووشی دەبێت،
بەڵام تەنها ئەوانەی ئیرادەیان هەیە دەتوانن هەڵسنەوە.

نیشانی بدە
کە هەڵسانەوە،
ئیشی هەموو کەسێک نیە،
بەڵکو
مرۆڤی خۆی دەوێت.

چارۆگە

ناکرێ واز لە خۆشویستن بهێنین تەنها لەبەر ئەوەی خەڵکی ڕقیان لێمانە.

ناکرێ بوەستین لە متمانە بەخشین بە خەڵکی لەبەر ئەوەی کە کەسێک ئێمەی بێ هیوا کردووە.

ناکرێ واز لە هیوا و خەون و باشی بهێنین تەنها لەبەر ئەوەی کە سەختی و مرۆڤی خراپ دێنە سەر ڕێگەمان.

ژیان مانای ئەوە نیە کە هەموو شتێک بەو شێوەیە بێت کە تۆ دەتەوێت.

بەڵکو ژیان پڕە لە دەردەسەری و شکست و سوپرایزی سەیر و نەهامەتی و سەرسوڕمان و زۆرجاریش نامۆیی، زۆربەی جارەکان ژیان بەو شێوەیە ناڕوات کە ئێمە دەمانەوێت.

لە هەمانکاتدا ژیان سەرەڕای سەختیەکان بریتیە لە جوانی و سەرکەوتن، وە خۆشبەختیشی تێدایە، واتە ژیان هەموو ئەمانەیە بەیەکەوە نەک تەنها سەرکەوتن یان تەنها ژێرکەوتن.

ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئێمە ڕابێین و فێری خۆشەویستی و چێژبینین ببین لەو شتانەی کە دێنە سەر ڕێگەکەمان.

هەندێکجار فێری خۆ گونجاندن و یاساکان ببین و ئاڕاستەی کەشتیەکە بەو شێوەیە لێبکەین کە ئێمە دەمانەوێت بمانبات، نەک بەو شێوەیەی کە تۆفانی ژیان دەیەوێت.

ئەوەی کە دەبێ بیرمان نەچێ ئەوەیە کە تۆفانەکە بۆ هەموو کەسێک وەکو یەکە، بەڵام تەنها ئەو کەسانە دەگەن بە شوێنی مەبەست کە لێهاتووانە چارۆگەی کەشتیەکانیان بەو شێوەیە دادەنێن کە سوود لە تۆفانەکە وەربگرن نەک تێکیان بشکێنێ.

تۆفان
بەو شێوەیە ناڕوات
کە ئێمە دەمانەوێت.
بەڵام
چارۆکەی کەشتیەکە
بەدەست خۆمانەوەیە.

گۆڕان

ڕاستە ژیان دەردەسەری و نەهامەتی زۆرە،

بەڵام نابێ دەوروبەر کار بکاتە ناخی ئێمە،

نابێ بهێڵین خودی ڕاستەقینەی خۆمانمان بیر بچێتەوە بەهۆی بارودۆخ و سەختیەکانی دەوروبەر.

پەتاتە و هێلکە هەردووکیان کە دەخەیتە ناو ئاوی کوڵیوەوە، دوای چەند ساتێ دەبینی کە هێلکەکە لە ناوەوەدا لە شلەوە بووە بە ڕەق،

کەچی کە سەیری پەتاتەکە دەکەیت دەبینی کە لە ڕەقەوە گۆڕاوە و نەرم بووە.

هەردووکیان لە هەمان بارودۆخدا بوون،

بەڵام ئەوە لە ناخی خۆیانە کە چۆن دەهێڵن کە ژینگە و بارودۆخی دەرەوە کار لە ناوەوەیان بکات.

ژینگەی دەوروبەر
تەنها تا ئەو شوێنە دەتوانێت تۆ
بگۆڕێت و کار لە تۆ بکات
کە تۆ
ڕێگەی پێ دەدەیت.

ناخی خۆمان

هەنگ و جۆرێکی جاڵجاڵۆکە هەردووکیان لەسەر شیلەی گوڵ دەژین.

هەنگ هەنگوین بەرهەم دەهێنێت، کەچی جاڵجاڵۆکە ژەهر.

ئەوە خودی گوڵەکە نیە کە وا لە هەنگەکە دەکات کە هەنگوین بەرهەم بهێنێت، بەڵکو خودی هەنگەکەیە کە لە ناخیدا وایە گوڵەکە بکاتە هەنگوین.

بەهەمان شێوە گوڵ نیە کە وا لە جاڵجاڵۆکەکە دەکات کە ژەهر دروست بکات، بەڵکو خودی جاڵجاڵۆکەکەیە کە لە ناخیدا وایە کە لە گوڵیش هەر ژەهر بەرهەمبهێنێت.

ئەوە بارودۆخ و شتە دەرەکیەکان نین کە وا لە ئێمە دەکەن کە ئێمە ببین بە چی و نەبین بە چی.

بەڵکو ئەوە خۆمانین کە نیشانی دەدەین کە خودی ڕاستەقینەی خۆمان کێین بێ گوێدان بە کاریگەریەکانی دەورروبەر.

شەپۆلەکان

ناتوانی

شەپۆلەکان بوەستێنی،

ناتوانی

تۆفانەکان نەهێڵیت،

ناتوانی ڕەشەبا لاببەیت.

ناتوانی سەختی و ناڕەحەتی و نەهامەتییەکان بسڕیتەوە،

بەڵکو لەجیاتی ئەمانە

دەبێ فێری سەوڵ لێدان بیت،

دەبێ فێری گرتنی چارۆگەکەت بیت،

فێری ئەوە بیت کە ڕووبەڕووی شەپۆلەکان ببیتەوە نەک بیانوەستێنی.

فێری ئەوە بیت کە سوود لەو شەپۆلانە وەربگریت کە بتبەن بۆ ئەو شوێنەی کە تۆ دەتەوێت.

ژیان واتە شەپۆل.
شەپۆلەکان هەمیشە هەن.
ناتوانی بیانوەستێنی.
بەڵکو دەبێ فێربین بەسەریاندا سەرکەوین
نەک تێکمان بشکێنن.

چوار بەرمیل

دوو فەردە خەم،
سێ تەنەکە دڵتەنگی،
چوار بەرمیل فرمێسک،
بە هەموویان
ناتوانن
برینێکی سادە چاک بکەن.
ناتوانن ئەوەی لە دەستمان داوە بۆمان بگەڕێننەوە،
ناتوانن ڕابردوو بهێننەوە.

وازی لیٚ بێنه

شتێک کە شایەنی ئەوە نیە کە تۆ لێی خۆش بیت،
شتێک کە شایەنی ئەوە نیە کە لێی ببوریت،
کە شایەنی ئەوە نیە کە تۆ هەلێکی تری بدەیتێ،
دەی کەواتە شایەنی ئەوەش نیە کە خەفەتی بۆ بخۆیت.
شایەنی ئەوەش نیە کە کە ژیانی خۆتی بۆ تێک بدەیت و شەو و ڕۆژ مێشکی خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەیت.
وازی لیٚ بێنە و بەردەوام بە لە ڕێگەکەت،
هەندێکجار، سەرکەوتن لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە تۆ واز لەو شتە بهێنی کە شایەنی ئەو کات و وزە و گرینگیە نیە کە تۆ پێت داوە.

خاڵخاڵۆکە

لە بچووکیەوە وا ڕاهاتووم هەر کە خاڵخاڵۆکەیەک دەبینم دەستی دەکەمێ و سەیری دەکەم تا دەچێتە سەر بەرزترین شوێنی دەستم و بیبینم کە بفڕێت.

ئەم جارە کە خاڵخاڵۆکەیەکم بینی دووبارە ئەمەم بەخەیاڵدا هات و گوتم ئێمەی مرۆڤیش دەبێ بگەین بە بەرزترین شوێن ئینجا دەست بە فڕین بکەین، بگەین بە باشترین ئاستی خۆمان ئینجا هەنگاو بنێین.

کە خاڵخاڵۆکەکەم دەستدایە و چەندی چاوەڕێ بووم کە چی هەر نەفڕی، نەدەچووە بەرزترین شوێن وەکو جاران، بیرۆکەکەمی سەردو ژێر کرد.

دواتر بیرمکردەوە،

هەستم کرد کە ئەم خاڵخاڵۆکەیە قەناعەتی گۆڕیم!

گەیشتمە ئەوەی کە هەڵەیە چاوەڕێ بین و هەنگاو نەنێین تا بەرزترین ئاستی خۆمان،

بەڵکو

پێویستە لە هەر ساتێکدا کە هەست دەکەیت کاتیەتی هەنگاو بنێین سەرەڕای ئەوەی کە لە بەرزترین ئاستی خۆشماندا نەبین،

سەرەڕای ئەوەی کە تەواو لێهاتوو نەبین لەو شتەی کە دەمانەوێت.

پێویست ناکات
چاوەڕێی ئەوە بین
کە تەواو تەواو کامڵ بین ئینجا هەنگاو
بنێین.

پیره پیاو

ماسیگرەکە دەیەویست هەموو دەریاکە بەدەست بهێنێت.

دەیەویست هەمو ماسیەکانی دەریا بە یەک تۆڕ بگرێت و ڕاویان بکات.

شەو و ڕۆژ ئەمەی لە مێشکدا بوو،

بەردەوام کاری دەکرد بۆ ئەوەی تۆڕێک دروست بکات بەقەد هەموو دەریاکە بێت بۆ ئەوەی کە بە یەکجار هەموو ماسیەکانی دەریاکە بگرێت.

لەوبەر دەریاکەش

پیرەپیاوێک دەژیا.

کە ڕۆژانە دەهاتە ناو بەلەمە بچوکەکەیەوە و تۆڕە بچووکەکەی دەخستە ناو ئاوەکە،

ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کە هەموو جارێک کە تۆڕەکەی دەخستە ناو ئاوەکە پڕ بە تۆڕەکە ماسی دەگرت، دیار بوو کە دەیزانی لە کامە شوێن و لە کامە کاتدا ماسی زۆر هەیە، وە

هیچ جارێکیش تۆڕەکەی بە بەتاڵی دەرنەدەهێنایەوە.

ماسیگرەکە هەموو ڕۆژێک پیرە پیاوەکەی دەبینی و پێی پێ دەکەنی کە ئەوە چەند ساڵە ئەم پیرە پیاوە دێت و دەچێ و دەیەوێ بەم تۆڕە بچوکە ماسیەکانی دەریا بگرێت.

بەردەوام دەیگوت ڕۆژێک دێت بە یەک تۆڕی گەورە هەموو ماسیەکان دەگرم و هیچ ماسیەکت بۆ نامێنێتەوە پیرە پیاو.

ساڵ هاتوو ڕۆی پیرە پیاو هەر بە بێدەنگی و بە تۆڕە بچوکەکەیەوە کەم کەمە ماسی دەگرت و بەلەمەکەی پڕ دەکرد و دەگەڕایەوە،

ماسیگرەکەش هەر خەریکی دروستکردنی تۆڕە گەورەکەی بوو.

ئیتر ئەو ڕۆژە هات کە ماسیگرەکە تۆڕەکەی بەکاربهێنێت و چووە نێو دەریاکە، تۆڕە گەورەکەی هەڵدایە ناو دەریاکە و لەبەر گەورەییەکەی هەفتەیەکی پێچوو تاوەکو تۆڕەکەی بە تەواوی دەریاکەدا بڵاوکردەوە.

بەڵام کە کاتی کۆکردنەوەی تۆڕەکە هات،

ماسیگر چەندی کردی نەیتوانی تۆڕەکە هەڵبگرێت و کۆیبکاتەوە، هێندە قورس بوو، وە هێندە گەورە بوو، هەرچی دار و بەرد و پاشماوەی دەریاکە بوو لە تۆڕەکەدا جێگەی خۆیان کردبوویەوە.

لە کۆتاییدا ماسیگرەکە تەنانەت نەیتوانی یەک ماسیش بەدەست بهێنێت بە تۆڕە گەورەکەی.

بە حەسرەتەوە لە کەنارەکە ڕاوەستابوو سەیری دەریاکەی دەکرد کە دەیەویست بە یەک تۆڕ و بە یەک جار داگیری بکات بەڵام نەیتوانی.

لەو ساتەدا پیرە پیاوەکەی بینی کە بە نەرمی سەوڵەکەی لێدەدات و وەکو هەمیشە دەچێتە ڕاوەکەی، تۆڕە بچووکەکەی دەرهێنا و وەکو جاران بەلەمەکەی پڕ کرد و دەگەڕایەوەماڵەوە.

لە دوورەوە پیرە پیاوەکە سەیرێکی ماسیگرەکەی کرد و زەردەخەنەیەکی بۆکرد، وەک ئەوەی پیرە پیاوەکە لە زەردەخەنەکەیدا بە ماسیگرەکە بڵێت، "ئێستا کاممان دەریاکەمان داگیر کردووە؟ تۆ کە تۆڕێکی گەورەت هەیە و بە یەکجار دەتەوێ ببێتە هی خۆت؟ یان من کە تۆڕەکەم بچوکە و هەموو ڕۆژێک بەبەردەوامی دێمەوە؟"

ماسیگر لەو کاتە تێگەیشت کە ڕەنجەکەی بە خەسار چووە، بەڵام ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە گەورەترین وانەی ژیان فێربوو لەو پیرە پیاوەی کە تەنانەت بۆ یەک چرکەش نەیدواند.

دەبێ فێری بیت

لەناو گۆمەکەدا بوو،

دەستەکانی دەجوڵاند و دەیهەویست خۆی فێری مەلەکردن بکات،

بەردەوام چاوم لەسەری بوو نەوەکا نقوم بێت.

ئیتر هەستم کرد ماندوو بووە، لە شوێنێکی قوڵ نزیکبۆتەوە و ناتوانێ بە تەواوی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت.

هەوڵی دەدا لەسەر ئاوەکە بمێنێتەوە و نقوم نەبێ،

داوای یارمەتی دەکرد، چوومە لای بەس یارمەتیم نەدا،

زۆر ترسا و هاواری کرد "وەرە نقوم بووم".

منیش گوتم دەزانم کە ئێستا زۆر ڕقت لێم دەبێتەوە کە یارمەتیت نادەم، بەڵام ئەمە باشترین کاتە بۆ ئەوەی باشترین وانەی ژیانت فێربکەم.

"لە ژیاندا تۆ تەنهایت، کەست لەلا نیە بۆ ئەوەی لەناو کێشەکانی خۆتدا کە نقوم بوویت دەرت بهێنێتەوە، بەڵکو دەبێ

خۆت فێری مەلە کردن بکەیت و خۆت خۆت نەجات بدەیت، خۆت یارمەتی خۆت بدەیت، یاساکانی ژیان فێرببیت و هەوڵی مانەوە بدەیت لەسەر ئاوەکەدا".

ئەویش سەری دەکەوتە ئاوەکە و دەریدەهێنایەوە، بە هەناسە بڕکێوە دەیگووت واز لەو فەلسەفە لێدانە بهێنە جارێ تۆ دەرم بێنە. دواتر بیرێکیش لە ژیان دەکەینەوە.

یاساکان

هەڵەیە گەر یاساکان نەزانین و دواتر گلەیی بکەین.
هەڵەیە گەر نەزانین کە ژیان چۆن دەڕوات بەڕێوە و دواتر بڵێین ژیان غەدری لێ کردووین.
کێشەکە لەوەیە ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە ژیان یارمەتیدەر بێت و دەبێ ئاسانکاریمان بۆ بکات.
کێشەکە ئەوەیە کە چاوەڕێی ئەوەین و وا دەزانین کە یاسایە و دەبێ ژیان بەو شێوەیە بڕوات کە ئێمە دەمانەوێت.
بەڵام نازانین کە ژیان گوێ بەو مرۆڤانە نادات کە یاساکان نازانن.
نازانین کە ژیان پڕە لە سەختی.
بێ ئاگاین لەمە کە ژیان پڕە لە شتی چاوەڕوان نەکراو.
گەر بمانەوێت بەردەوام بین،
دەبێ یاساکانی یاریەکە فێر ببین،
نەک بە پێی ئەو یاسایانە بڕۆین کە لە هزرماندا بە

ئـارەزووی خۆمـان دامانئـاون.

گەر بمانەوێت هەنگاوێکی تر پێشکەوین،

گەر بمانەوێت یاساکان بشکێنین و موعجیزە بخولقێنین،

سـەرەتا دەبـێ یاسـاکان فێربیـن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەسـەریاندا سـەرکەوین و تێکیـان بشـکێنین.

خاکەناس بفرۆشە

بەدوای کاردا مەگەڕێ،
بەڵکو
کار دابهێنە و ببە بە خاوەن کاری خۆت.
ماسی مەکڕە،
ببە بە ماسیگر.
تەنها لۆمە مەکە کە کێشە هەیە،
بەڵکو چارەسەر ببینەوە.
گلەیی لە تاریکی مەکە،
مۆمێک دابگیرسێنە و ژوورەکە ڕووناک بکەوە.
بەدوای هەرزانی و گرانی شتەکان مەکەوە،
بەدوای شتێک بکەوە کە شایەنی نرخەکەی بێت.

بەدوای گەنجینەدا مەگەڕێ لە بیابان و
بە خاکەناسەکەت ئەرز هەڵمەکۆڵە بۆ
دۆزینەوەی زێڕ،
بەڵکو
بڕۆ خاکەناس بفرۆشە!

شکاندن

یاساکان بۆ کەسانی سادە دروست کراون،
چونکە بە سیستەمە گەورەکە ئاشنا نین،
بۆیە پێویستیان بە یاسا هەیە بۆ ئەوەی لێی تێبگەن یان بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ دروست نەبێت.
گەر تۆ بتەوێت لە کارەکەت باش بیت،
سەرەتا دەبێ ئەم یاسا سادانە فێر ببیت و بزانیت کە یاریەکە چۆن دەڕوات بەڕێوە.
بەڵام
گەر دەتەوێت ببیت بە سەرکردە،
گەر بتەوێت شتێک بکەیت کە ئەوانی پێش تۆ هەرگیز بە خەیاڵیشیاندا نەهاتووە،
گەر دەتەوێت شتانێک ببینیت کە ئەوان نایبینن،
گەر بتەوێت دونیایەکەی پشت یاسان ببینیت،
کەواتە یەکەم شت بیکەیت ئەوەیە کە ئەو یاسایانە بشکێنیت،

دەبێ یاسای تایبەت بە خۆت بهێنیتە کایەوە،
یاسای تر بهێنیتە ناو یاریەکەوە.
دەبێ شتێک بکەیت کە لە دەرەوەی ئەو یاسایانەیە کە هەن.

شتێک بکە
کە یاسای نوێ بهێننە کایەوە
بۆ ئەوەی یاساکان بگونجێنن بەو شتە
مەزنەی تۆ،
نەک تۆ بگونجێنن
بەو یاسا کۆنانەی کە هەن.

مامۆستا

ئەو شتەی کە دەردت دەداتێ،

ئەو شتەی کە ئازارت دەدات،

ئەو شتەی کە کێشەت بۆ دەنێتەوە،

ئەو شتەی کە برینەکانت دەکولێنێتەوە:

ئەو شتەیە کە چارەسەرت دەکات.

ئەو شتەیە کە فێرت دەکات.

ئەو شتە

مامۆستای تۆیە.

ئازاد

مرۆڤ زۆر ناوازەیە
کەچی قەبوڵی دەکات ببێت بە داردەست،
ببێت بە ئامێرێکی دەستی خەڵکی،
ببێت بە عارەبانەیەک بۆ گواستنەوەی ناشیرنیەکانی سیستەم.
لەهەمان کاتدا
هەمان مرۆڤ
دەتوانێت ببێت بەو شتەی کە خۆی دەیەوێت،
ڕێگە نەدا بەکاری بهێنن،
ئازاد بێت،
سەربەخۆ بێت،
ئەمەش کاتێک
گەر خۆی بناسێت.

نازانین

بالّمان هەیە

بەس نایانبینین.

توانامان هەیە

بەس نازانین کە هەمانە.

لێهاتوویمان هەیە

بەس بەکاری ناهێنین.

بەخۆت

بە من چی دوێنێ
باوکی تۆ خان بوو.
خاوەن دیوەخان
سفرە و میوان بوو.
شەرتە تۆ ئەمڕۆ
غیرەت بنوێنی.
بەخۆت بەرەی خۆت
لە قوڕ دەربێنی.

"پەندی کوردی"

کاریگەریت نیە

لە ناو خەڵکدا

گەر کەسێک شتێک بکات کە لەگەڵ یاسا و ڕێسای گشتی نەیەتەوە،

ئەو کەسە بە شێت ناودەبرێت.

محمد بەردباران کرا،

گالیلۆ زیندانی کرا،

جۆردانۆ برۆنۆ بە زیندوویی سوتێنرا،

موسا لە کۆشکی فیرعەون وەدەرنرا و شاربەدەر کرا،

عیساو حەللاج لە دار دران،

چونکە خەڵک حەزی بەوە نیە کە لەوحاڵەی کە تێیدان بگۆڕێن،

حەزیان بەوە نیە کە ئەو ئارامیە درۆینەی کە بۆخۆیان دروستیان کردووە بیشڵەقێنن،

تاقەتی گۆڕانکاریان نیە،

بۆیـە هـەردەم کـە شـتێکیان بـە دڵ نەبـوو ڕەتـی دەکەنـەوە و ئـەوەی بێتـە سـەر ڕێگەیـان بـە شـێت نـاوی دەبـەن، زینـدانـی دەکـەن، شـاربەدەری دەکـەن، تەنانـەت لـە داریشـی دەدەن و دەشیسـوتێنن.

وەک ئەنشتاین دەڵێ پرسیارەکە ئەوەیە کە:
"گەر
هەفتانە بەلایەنی کەمەوە
کەسێک پێی نەگوتیت شێت،
کەواتە تۆ هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆ و
ڕاستەقینەت نیە بۆ جیهان!"

کات کوژ و وزە کوژ

ڕێگری گەورە لەبەردەم مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی خۆی، دوو شتن:

کات کوژ، وزە کوژ.

ئێمە گەر بمانەوێت بگەین بە بەرزترین شوێنی خۆمان، بەرزترین ئەو ئاستەی کە دەتوانین ببین، سەرەتا دەبێ ئەو شتانە دوور بخەینەوە لە خۆمان کە کاتمان دەکوژن، دەبێ واز لەو شتە بچوکانە بهێنین کە کاتی ئێمە دەخۆن، دەبێ تەرکیزمان لەسەر مشکەکان لاببەین و وەکو شێرەکە نەبین.

دەبێ ئەو (مرۆڤ و کار و شتە) سادانە وەلانێین کە ڕۆژانە دەیکەین و بە بەردەوامی کاتیان پێوە دەکوژین.

دەبێ ئەو (گفتوگۆ بێمانایانە) واز لێ بهێنین و ئەو (ڕەفتارانە) تەرک بکەین کە دەبنە هۆی ئەوەی کە هیچ کاتمان بۆ نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پەرە بە خۆمان بدەین.

بەهەمان شێوە،

گەر بمانەوێت ئەو شتە بەدەست بهێنین کە لە پلانماندایە،
دەبێ هەموو ئەو شتانە وەلا بنێین کە وزەمان دەکوژن.
دەبێ ئەو مرۆڤانە لە خۆمان دوور خەینەوە کە بەبەردەوامی وزەکانمان دەپوکێننەوە و وزەی نەرێنی لە ناخماندا دەچێنن،
دەبێ ئەو کارانە واز لێ بهێنین کە وزەمان ناهێڵن.
دەبێ ئەو ڕەفتار و کردارە ڕۆژانەییانەمان واز لێ بهێنین کە وزەمان لێ دەبەن.
کە مرۆڤ کۆنترۆڵی وزە و کاتی خۆی لەدەستی خۆی نەبوو،
ئیتر وەکو ئەوەیە هیچ شتێکی بەدەست نەبێت.
بەڵام کە مروف کۆنترۆڵی وزە و کاتی خۆی کرد،
ئیتر دەتوانێت بەو شوێنەی کە دەیەوێت و بگات بە بەرزترین ئاستی خۆی.

ئاگاداری
وزە و کاتی خۆت بە لە چی سەرفی دەکەیت.
چونکە
تەواوی سەرمایەی تۆ
لەم دوو شتە دایە.

کێشە

ئێمە وا ڕاهاتووین و وا فێرکراوین،
کە بە بەردەوامی دژی ئەو شتانە بین کە بەسەرمانادا ڕوودەدەن،
وا تێگەیەنراوین بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی کە دێنە ڕێگەمان دەبێ هەمیشە لە دژیان بووەستینەوە.
بەڵام ئەمە هیچ چارەی کێشەکە ناکات،
بەڵکو
ئەوەی تەواوی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت:
ئەوەیە کە تێبگات کە بە دژایەتی کردنی بەربەستەکان ناتوانێت بەسەر بەربەستەکاندا سەرکەوێت، بەڵکو بە تێکەڵبوون لەگەڵ بەربەستەکان و تێگەیشتن لێیان دەتوانین بەربەستەکان تێکبشکێنین.
واتە سەرەتا قەبوڵی بکەین کە بەربەستەکەمان تووش بووە.
پاشان بە نەرمی و بە سەیرکردن و تێڕامان و شیکردنەوەی تەواوی بەربەستەکە و دۆزینەوەی یاسا و ڕێساکانی کە کێشەکە

لەسەری دەڕوات، چونکە گەر نەزانین کە کێشەکە، کە بەربەستەکە چۆن کاردەکات، کەواتە ناتوانین لێی تێبگەین، گەر نەتوانین لێی تێبگەین کەواتە ناتوانین چارەسەری بکەین.

وەکو سیستەمی هاککردن وایە، گەر ئێمە نەزانین پڕۆگرامێک چۆن کار دەکات، چۆن بزانین کە لە کوێ کێشەی هەیە؟

گەر زمانی سیستەمی پڕۆگرامە نەزانین چۆن لێی تێبگەین؟

بەهەمان شێوە کە بەربەستێک دێتە ڕێمان دەبێ بە زمانی بەربەستەکە بدوێین نەک بە زمانی خۆمان، نەک بەوەی کە پڕۆگرامەکە بدەینە بەر شەق، ئێمە ڕا هاتووین وەکو تەلەفزیۆنە کۆنەکان مامەڵە لەگەڵ کێشەکانمان دەکەین، وادەزانین گەر بەر شەقی بدەین کێشەکە نامێنێت و چارەسەر دەبێت.

دواتر کە لە تەواوی کێشەکە تێگەیشتین، دەبینین کە کێشەکە لە کوێیە، واتە هەموو خاڵە جەوهەریەکە ئەوەیە کە بزانین کێشەکە لە کوێیە، شوێنی کێشەکە بدۆزینەوە، گەر شوێنەکەیمان دۆزیەوە ئیتر ئەوەی تر دەبێتە چارەسەر.

قەبوڵکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ کێشەکە،

کلیلی سەرکەوتنە بەسەر کێشەکە، نەک کێشەکە دوورخەینەوە لە خۆمان و لە دوورەوە قسە بە کێشەکە بڵێین و بە هیوای ئەوەش بین هەر لە دوورەوە بەسەر کێشەکەدا سەرکەوین.

قەبوڵکردن و
تێکەڵبوون لەگەڵ بەربەستەکان،
کلیلی سەرکەوتنە بەسەریاندا!

گەردوون

ئیتر بووەستە

لە بەکەم سەیرکردنی خۆت،

هەر گەردێکت

ڕەنگدانەوەی

کەلێنێکی

گەردوونە.

تەسلیمی بە

خۆت بدە

دەست ئەو هێزەی ناو ناخت

کە دەیەوێت بتبات بۆ ئەو شوێنەی کە دڵت دەیەوێت،

لەم هێزە مەترسە،

دڵنیابە

بەرەو ئەو شوێنەت دەبات

کە شایەنی تۆیە.

تەسلیمی بە!

ژیر بە

دوێنێ زیرەک بووم،
بۆیە ویستم دونیا بگۆڕم.
ئەمڕۆ ژیم،
بۆیە
خۆم دەگۆڕم.

"ڕۆمی"

سەیرکە

شکستی منت بینی،

دەی ئێستا

سەیری هەستانەوەم بکەم.

کەوتنی منت بینی،

ئێستا سەیری بەرزبوونەوەم بکە.

وردبوونی منت بینی،

دەی ئێستا سەیری خۆکۆکردنەوەم بکە.

برینەکانی منت بینی،

ئێستا

سەیرکە

دەبینی هێشتا بەپێوەم.

چۆن؟

گەر لە دەرگا نەدەیت،
چۆن کەسێک دەرگاکەت بۆ دەکاتەوە؟
گەر داوا نەکەیت،
چۆن بەدەستی دەهێنیت؟
گەر پرسیار نەکەیت،
چۆن وەڵامەکەیت دەستدەکەوێت؟
گەر دابنیشی،
چۆن دەگەیت بە شوێنی مەبەست؟

چیرۆکی خۆت

تۆ نابێ دڵت بەو چیرۆکانە سوکنایی بێت و قەناعەتت بێت.

بە چیرۆکی ئەو پاڵەوانانەی کە دەیانبیستی شتیان بەدەستهێناوە نابێ قایل بیت و بەردەوام بیت لەسەر ڕێگەکەت.

بەڵکو دەبێ تۆش بەدوای چیرۆکی خۆت بکەویت و

ئەو پاڵەوانەی ناو ناخت بدۆزیتەوە و بە ئاگای بهێنیتەوە.

خۆشت بەدوای چیرۆکەکەی خۆتدا بگەڕێیت.

بەدوای ئەفسانەکەی خۆتدا بچیت و

چیرۆکی ژیانی خۆت بنووسیتەوە.

"ڕۆمی"

تۆ بە باڵەوە لەدایک بوویت،
بۆچی هەر ئەوە هەڵدەبژێری کە خۆت لە
ئەرزەکە بخشێنی و
هەر گاگۆڵە دەکەیت؟!

"ڕۆمی"

بازنەی سەلامەتی

هەموو کەسێک بازنەیەکی هەیە کە تێیدا ئاسوودەیە،
بارودۆخێکی هەیە کە تێیدا هەست بە هێمنی دەکات،
چەند سنوورێکی هەیە کە تێیدا ئارامە و
توشی هیچ کێشە و ترس و شەرم و نا ئاسوودەیی و بەربەستێک نابێت.

ئەم بازنەیە پێی دەگوترێت بازنی سەلامەتی، یاخود کۆمفۆڕت زۆن بە ئینگلیزی.

لەم بازنەیەدا تۆ هیچ دەردەسەری و ترسێکت توش نابێت،
چونکە تۆ بە ئاساییانە ژیان دەکەیت و بەدوای تواناکان و خەونەکانی خۆت ناکەویت، ئەوە دەکەیت کە هەموو خەڵکێکی ئاسایی لە ڕۆژانەدا دەیکەن.

ئەوە دەکەیت کە دایک و باوکت پێت دەڵێن دەبێ بیکەیت،
ئەوە دەکەیت کە برا و خوشکە گەورەکانت پێش تۆ کردوویانە،

ئەوە دەکەیت کە کلتور و خەڵکی پێش تۆ کردوویەتی و ئێستا سەرەی تۆش هاتووە و تۆ هەر ئەم شتانە دووبارە دەکەیتەوە و لەگەڵی دەڕۆیت.

بۆیە پێی دەگوترێت بازنەی سەلامەتی لەبەر ئەوەی تێیدا توشی ترس نابیت، بۆیەش توشی ترس نابیت چونکە هیچ شتێکی نوێ تاقیناکەیتەوە و ئەوەی دەیکەیت بریتیە لە شتی دووبارە کە هەزاران جار کردووتە و ئەوە دەکەیت کە هەموو خەڵک ملیۆن جار کردوویەتی.

بۆیە توشی هیچ کێشەیەک نابیت،

چونکە ڕێگەی نوێ واتە سەرکەشی و توشی ترس دەبیت لە ڕێگەی نوێدا.

بۆیە لە بازنەی سەلامەتی تۆ ترست نیە، هەر شتێک کە ترسی تێدا بوو تۆ لێی دووردەکەویتەوە و لەو بازنەیەدا دەخولێیتەوە کە تێدا ئاسوودەیت.

لەبەر ئەمە ڕاستترە بڵێین کە بازنەی سەلامەتی دەور دراوە بە ترس، سنوورەکانی بازنەی سەلامەتی بریتیە لە ترس.

تا ئێرە ئەمە نیوەی بابەتەکەیە،

بەڵام هێشتا نیوەی تری ماوە.

مرۆڤەکان وا تێگەیەنراون کە بازنەی سەلامەتی شوێنێکە تێیدا سەلامەتی، چونکە ئەی ئەوە نیە ناوی بازنەی سەلامەتیە،

ناوەکەی بەخۆیەوەیە و تێیدا سەلامەت دەبیت و توشی دەردی سەری نابیت.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ڕێک پێچەوانەیە!

ئەوەی دەبێتەی هۆی کوشتنی خەون،

ئەوەی دەبێت هۆی ئەوەی کە تواناکانی مرۆڤ بپوکێتەوە،

ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤ بۆ ئەوەی کە شتی نوێ فێرببێت،

ئەوەی کە دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤ،

بریتیە لە بازنەی سەلامەتی نەک دەرەوەی بازنەکە.

ئەوە بازنەی سەلامەتیە کە تۆ دەکوژێت، نەک پارێزگاریت لێ بکات.

یەکەم هەنگاو بۆ فێربوونی شتی نوێ ئەوەیە کە لەم بازنەیە بێینە دەرەوە و ڕووبەڕووی ترسەکان ببینەوە.

گەر بمانەوێت ئەو شتە بەدەست بهێنین کە شایەنی ئەو توانایانەیە کە هەمانە، دەبێ لەم بازنەیە بێینە دەرەوە کە پڕە لە ئاسوودەیی و ئارامی و بێ کێشەیی.

خودی ژیان لەدەرەوەی بازنەکەیە نەک لە ناوەوە.

ژیانی ڕاستەقینە لەدەرەوەی بازنەی سەلامەتییەوەیە.

جوانیەکان لە دەرەوەی بازنەکەوەن.

نهێنیەکە و فێربوون و سەرکەوتن و سەرکەشی و چێژ و فرین

لەدەرەوەی بازنەی سەلامەتیەوەن.

ڕووبەڕووی ترسەکانت ببەوە،

وەرە دەرەوە لەم بازنەیە

سنوورەکان تێکبشکێنە

تواناکانت بەدەست بێنە.

ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤ بۆ ئەوەی کە شتی نوێ فێرببێت،
بریتیە لە بازنەی سەلامەتی نەک دەرەوەی بازنەکە.
ئەوە بازنەی سەلامەتیە کە تۆ دەکوژێت،
نەک پارێزگاریت لێ بکات.

سنوورەکان

تۆ

گەر دەتەوێت پارێزراو بیت،

گەر دەتەوێت وەکو خۆت بمێنیتەوە و نەگۆڕێیت،

گەر ناتەوێت سەرکەشی بکەیت،

گەر ناتەوێت چێژ لە ژیان وەربگریت،

کەواتە لە بازنەی خۆت مەیە دەرەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ژیان بکە

کە خەڵک و کلتوور و کۆمەڵگا و ژینگە و دونیا بۆتی دانـاوە!

بەڵام گەر دەتەوێت ئالەنگاری بکەیت،

گەر دەتەوێت ئەو شتانە ئەزموون بکەیت کە پێشتر بیریشت لێنەکردوونەوە،

گەر دەتەوێت ژیان بەجۆرێکی تر و شێوەیەکی تر ببینیت کە

پێشتر کەس بەو شێوەیە نەیبینیوە،
کەواتە دەبێ لەو بازنە و سنوورانە بێیتە دەرەوە.
دەبێ ئەو بەربەستانە بشکێنی.
دەبێ ئەو ناوچە ئارامە جێ بهێڵی.

تۆ لەناو ئەو سنوورانەدا،
لەناو ئەو بازنانەی کە دەوری تۆیان داوە،
لە ناو ئەو ناوچە ئارامەدا،
سەلامەتی،
هیچ کێشەیەکت توش نابێت.
بەڵام ناژیت!
تامی ژیان ناکەیت!

وەرە دەرەوە و چێژ لە ژیانت ببینە،
خۆت ئازاد بکە و ئەو شتانە بکە کە لە هزرتدایە،
سەرکەشی بکە و ڕووبەڕووی ئالەنگاریەکان ببەوە.

وەکو پەروانە
ئەو قاوغەی دەوری خۆت
فڕێبدە،
باڵ
بۆ خۆت دروست بکە و
دەست بکە بە فڕین.

کامیان هەڵدەبژێری

دوو ڕێگەت لەبەر دەمە،

یان ئەوەی کە بە ئاسوودەیی و بێ کێشە لەناو بازنەی سەلامەتیدا دەژیت،

لەناو ئەم زیندانە ئاسوودەیەدا ژیان دەکەیت،

یان ئەوەی کە

دێیتە دەرەوە و توشی ئازار دەبیت.

بەڵام لەبەرامبەر ئەم ئازارەدا،

ئازاد دەبیت و جوانی و سەرکەوتن و چێژ و مانای ژیان بەدەست دەهێنیت.

ئێستا بڕیارەکە لەدەست خۆتە.

سەلامەتی و مردن هەڵدەبژێریت؟

یان ئازار و ژیان؟

زیندان و ئاسوودەیی؟

یان ئازادی و برین؟

من برین هەڵدەبژێرم نەک سەلامەتی،

ئازادی هەڵدەبژێرم نەک زیندان.

هەناسەدان

ژیانکردن

هەر هەناسەدان نیە،

بەڵکو

ژیان یانی جوڵە،

یانی سەرکەشی،

یانی کەوتن،

یانی بەربوونەوە و ئازار،

یانی ئەوەی کە بەدوای دڵت بکەویت،

یانی ئەوەی کە بچیتە شوێنێک کە هەرگیز نەچوویت،

هەست بە شتانێک بکەیت کە هەرگیز هەستت پێ نەکردوون.

وەرە دەرەوە
بگەڕێ،
بجوڵێ،
بەدوای دڵت بکەوە.

ژینگە

هەندێکجار چەندی هەوڵ دەدەیت،
چەندی ڕێگەی نوێ تاقیدەکەیتەوە،
چەندی توانای خۆت بەکاردەهێنی،
بەڵام هەر لە جێگەی خۆتی و ئەو شتە بەدەست ناهێنیت کە دەتەوێت.

ئەمەش لەبەر ئەوەنا کە توانای پێویستت نیە، چونکە دڵنیای لە تواناکانت، دڵنیای لەوەی کە لێهاتوویت لەو شتەی کە دەیکەیت، بەڵام هۆکارەکە خۆت نیت لەم حاڵەتەدا، بەڵکو هۆکارەکە ژینگەکەتە.

هەرچەندە کە گوڵێک ئاو دەدەیت بە بەردەوامی، چەندی هەوڵی لەگەڵ دەدەیت بەڵام هەر سەر دەرناهێنێ، ئەمە لە خراپی گوڵەکەوە نیە، بەڵکو بەهۆی ژینگەی گوڵەکەوەیە. گوڵەکە ببە بۆ ئەو شوێنەی کە پێویستیەتی، دەبینی کە بە دوو ڕۆژ سەر دەردەهێنێ و لە زووترین ماوەدا گوڵ دەردەکات.

هەندێکجار، کێشەکە ئەوەیە کە تواناکانمان لە ژینگەی گونجاوی خۆیاندا نین بۆ ئەوەی دەربکەون.

ژینگەکەت بگۆڕە،

دەبینی کە تواناکانت چۆن سەردەردەکەن.

ڕووناكی

ڕووەك، بۆ ئەوەی گەشە بكات،

بۆ ئەوەی بەرهەمی هەبێ،

بۆ ئەوەی وزە بەرهەمبهێنێت،

پێویستی بە یەك شتی سەرەكی هەیە، ئەویش وزەی خۆرە، كە بریتیە لە ڕووناكی.

هەرچی خۆراك و دەرمانی تایبەت بدەیتە گوڵەكە، ئەو هەر بەو شێوەیە نابێت كە بتوانێت بە باشترین ئاستی خۆی و گەشە بكات گەر ڕووناكی پێ نەدەیت، چونكە ڕووناكی تاكە سەرچاوەی گەشەیەتی.

مرۆڤیش،

چەند زانیاری هەبێت و شت بزانێت،

چەندی خۆی ماندوو بكات و بەدوای شتەكانەوە ڕابكات،

هێشتا ناتوانێت ئەو شتە بەدەست بهێنێت كە دەیەوێت و ئەو شتانەی كە هەیەتی ناتوانن ببن بە سەرچاوەی جوڵە و گەشە كردنی.

چونکە گەر بۆ ڕووەک سەرچاوەی گەشە و ژیان بریتی بێت لە ڕووناکی،
ئەوە بۆ مرۆڤ، سەرچاوەی ژیان و گۆڕانی ڕوئیا و بینینی ئەو شتانەی کە نەیبینیون و بیستنی ئەو شتانەی کە نەیبیستوون، ئەو شتە بۆ مرۆڤ کە وەکو ڕووناکی وایە بۆ ڕووەک، بریتیە لە بێدەنگی.

بێدەنگی کلیلی نهێنیەکانە.
لەم جەنجاڵیەدا
ناتوانین گوێمان لە نهێنی و شەپۆلەکانی گەردوون بێت،
دەبێ بێدەنگ بین،
دابنیشین،
بە تەنها بین،
دوورکەوینە لەو هەموو دەنگەدەنگ و پەلەپەلەی کە هەیە،
هێمن بین،
ئارام بین،
تەنها گوێ بگرین.

بژی!

خەڵک پێت دەڵێ بڕۆ بخوێنە.
بەڵام مرۆڤی ژیر پێت دەڵێ بڕۆ بخوێنە گەر حەزت لێیە بخوێنی!
خەڵک پێت دەڵێ بڕۆ کارێک بدۆزەوە ببە کارکەر تێیدا.
مرۆڤی ژیر پێت دەڵێت بڕۆ ببە خاوەن کار و پڕۆژەی خۆت.
خەڵک پێت دەڵێت کۆیکەوە و خۆت بچەسپێنە لە شوێنەکەت.
مرۆڤی ژیر پێت دەڵێ بڕۆ گەشت بکە و دونیا ببینە.
خەڵک پێت دەڵێ کاربکە بۆ ئەوەی قەرزە نەبڕاوەکانت بدەیتەوە و لە ٦٥ ساڵی خۆت خانەنشین بکە.
مرۆڤی ژیر پێت دەڵێت ژیرانە مامەڵە بکە و لە تەمەنی ٤٠ ساڵی خانەنشین بە.
خەڵک پێت دەڵێ دوای ئەمە بە ئیسراحەت بمرە،
مرۆڤی ژیر پێت دەڵێت دواتر بە ئیسراحەت بژی!

ڕێگەمەدە

ڕێگەمەدە هەڵەکانی ڕابردووت ببن بە بیانوویەک
بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا کەسێکی خراپ بیت.
ڕێگەمەدە ئەزموونە خراپەکانی پێشووت ببن بە بیانوویەک
بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا متماندت بەخۆت نەبێت.
ڕێگە مەدە شکستەکانی ڕابردووت ببنە بیانویەک
بۆ ئەوەی کە هەنگاونەنێیت لە ئێستادا.
ڕێگەمەدە کە کەموکورتیەکانی ڕابردووت ببنە بیانوویەک
بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا ببیتە کەسێکی تێکشکاو.

ئێمە هەموومان هەڵە و خراپە و ناشیرینی و کەموکورتی و شکستمان هەیە و کردومانن.

دوو ڕێگەمان لەبەردەمە،

یان ئەوەی لێ دەگەڕێین کە ئەم دوو شتانەی ڕابردوو کاریگەری خراپیان لەسەر ئێمە هەبێ و ئەم شتانە ئاوا پێناسەمان دەکەن.

یان ئەوەی کە بەسەریاندا سەرکەوین و

لێیانەوە فێربین و

گەشەبکەین.

یاساکە تێکبشکێنە

دەبێ ئەو یاسایە لەناو هزرماندا لەناوبەرین و تێکی بشکێنین کە سنوور و کاتمان بۆ دادەنێن بۆ کردن و نەکردنی شتەکان، کە پێمان دەڵێ کە دەبێ لە فلانە کات و تەمەنە تۆ دەبێ ئاوا و ئاوا بیت.

شتێکی زۆر ئاساییە لە پێش ٣٠ ساڵی هاوسەرگیری نەکەیت.

شتێکی زۆر ئاساییە گەر تا تەمەنی ٣٥ ساڵیش ئەو کارەت دەست نەکەوتبێت کە خەونی پێوە دەبینی.

شتێکی زۆر ئاساییە کە لە تەمەنی ٧٠ ساڵی دکتۆرا لەو شتە بێنی کە حەزت لێیەتی.

شتێکی زۆر ئاساییە کە واز لەم شتە بهێنی کە ٣٠ ساڵە تێیدا دەخوێنی و بچیت ئەو شتە هەڵبژێری کە دڵت دەیەوێ و خەونی منالیت بووە.

هیچ یاسایەم بوونی نیە لە ژیاندا،

ژیان وەکو پێشبڕکێیەک وەرمەگرە بۆ ئەوەی منافەسەی

خەڵكانی تر بكەیت و لە پێشیان بكەیتەوە.

بەڵكو بە دوای دڵت كەوە.

بەرپرس نیت

تۆ بەرپرسی لەوەی کە چی دەڵێیت و چی دەکەیت.

بەڵام بەرپرس نیت لەوەی کە خەڵکی چی لەسەر ئەوە دەڵێن کە تۆ دەیلێیت.

بەرپرس نیت لەوەی کە ئەوان دەترسن یان نا لەو شتانەی تۆ دەیکەیت.

بەرپرسن نیت لەوەی ئایا ئەوان ئەو قسانەی تۆیان بە دڵە یان نا.

دەبێ بە تەواوەتی ئەوەمان لەبیر بێت کە بەرپرس نین لەوەی کە ئەوان کاردانەوەیان چۆنە لە سەر گفت و ڕەفتارەکانت.

تۆ بۆ ئەوە لێری نیت
کە قسە و کردارەکانت بەو شێوەیە لێ بکەیت
کە بە پێی قیاسی تێگەیشتن و بینینی خەڵک بێت.

کۆڵنەدەری بەردەوام

من

باوەڕم

بە عەبقەریبوون

نیە،

بەڵکو

باوەڕم

بە مرۆڤی

کۆڵنەدەری بە جورئەتی بەردەوامە!

"م. ڕۆجەر"

گەر لەوێ نەبیت!

گەر ئەو شتە ناکەیت کە حەزی پێدەکەیت،

گەر ئەو شتە هەڵنەبژێریت کە دەتەوێت،

گەر ئەو کارە نەکەیت کە حەزت پێیەتی،

گەر لەو شوێنە نەبیت کە بە شایەنی خۆتی دەزانی،

گەر لەو جێگەیە نەبیت کە دڵت پێی شادە،

کەواتە

تۆ

ژیانی

خۆت

بە فیڕۆ دەدەیت.

کلیل

من نازانم کلیلە گەورەکە چیە،
بەڵام شتێک تا ئێستا بۆم دەرکەوتووە،
شتێک کە گەیشتووم پێی،
ئەو شتەی کە پێم وایە نهێنیەکەیە،
ئەوەیە
کە
چاوەڕێی هیچ شتێک
لە هیچ کەسێک نەکەم!

هەمان هزر

کێشەی تۆ
ئەو ساڵانە نیە
کە بەفیڕۆت داون،
بەڵکو
کێشەکە لەدەستدانی ئەو ساڵانەیە کە لەپێشتن
گەر بێتوو بە هەمان ئەو هزرەوە ڕووبەڕوویان ببیتەوە
کە پێشتر ڕووبەڕوویان بوویتەوە.

"مستەفا محمود"

ئاڤاتار

که هەست دەکەیت بە بەردەوامی ماندوویت،
بەردەوام نا ئاسوودەیت،
دڵتەنگیت.
ئەمە هی ئەوەیە کە ڕۆحت ماندو بووە لە جەستەت،
هزرت ماندوو بووە لە ڕەفتارەکانت،
دڵت ماندوو بووە لە کردارەکانت.
ئەمە هی ئەوەیە کە تۆ لەناو خەڵکدا بە جۆرێک ڕەفتار دەکەیت
کە خۆتی ڕاستەقینەی خۆت نیت.
بە شێوەیەک ڕەفتار دەکەیت،
یان ڕاستتر بڵێین ئەکت دەکەیت، نواندن دەکەیت کە کەسێکی تری.
ماندووبوونەکەت هی ئەوەیە کە ڕۆحت ماندوو بووە لێت،
ماندوو بووە لەو کارەکتەرەی کە تۆ دروستت کردووە لەناو

خەڵکی و خودی ڕاستەقینەی خۆت ڕەفتار ناکەیت.

دڵتەنگیەکەت لەوەیە کە دڵت چیتر دەڵێ بەسە ببە بە خۆت نەک بەو کەسەی کە لەپێش چاوی خەڵک دەری دەخەیت.

وەک (جیم کاری) دەڵێ:

"خەمۆکیەکەت

ئەو ئاڤاتارەیە

کە دەیەوێت پێت بڵێت ماندوو بووم

لەو کارەکتەرەی کە تۆ ڕۆڵی تێدا دەبینیت."

ئاو

وەکو ئاو وابە.

نەرم،

بێ شکڵ و شێوە،

تێکەڵی هەموو شتێک دەبێت،

هەموو شتێک لە خۆیدا دەتوێنێتەوە،

شێوەی هەموو شتێک وەردەگرێ کە تێی دەکەیت.

لە سارد و گەرم.

لە بەستن و کوڵان.

لە ئاسمان و ئەرز.

لە شێوەی تەڕ و وشک.

بە شێوەی باران و بەفر.

نەرم لەکاتی نمە باران و

ڕەق لەکاتی تەرزە.

ناسک لە هێمنی و

تۆفان لە هێرشدا.

دەتوانێ شێوەی خۆی بگۆڕێ.

لە هەموو کەشێک خۆی دەگونجێنێ.

چارەی بۆ هەموو باروودۆخێک هەیە.

چەقبەستوو نیە لەسەر یەک شێوە.

بۆچی؟

بۆچی
ژیانی خۆت
خەونەکانی خۆت
خولیا و لێهاتووییەکانی خۆت
سنووردارده‌کەیت لەبەر قسەی خەڵکی؟

بۆچی
ئامانجەکانی خۆت
دەتاشی بەپێی ویستی خەڵک
تەنها بۆ ئەوەی کە ئەوان تۆیان بەدڵ بێ؟
بۆچی؟!
بـۆچـــی؟!

بیانوو

ئەو نوقتەیەی
کە دەبێتە خاڵی گۆڕانکاری
ئەوەیە
کە لە جیاتی بیانوو هێنانەوە،
لە جیاتی ئەوەی لۆمەی دەوروبەر و ژینگە و خەڵک و خۆت بکەیت،
لەجیاتی ئەمانە
بەرپرسیارەتی هەڵگریت و دەست بە گۆڕانکاری بکەیت.
لەجیاتی نەفرەت و گلەیی
دەست بە بینینی چارەسەر بکەیت.

قوربانی

گووتی:

دەزانی قسەکانی تۆ هەمووی ڕاست و تەواون.

بەڵام لە ژیاندا بە باوەڕی من، خاڵەکە ئەوە نیە، وە هێندە سەخت نیە کە تۆ دیاری بکەیت کە چیت دەوێت لە ژیان و ئامانجەکەت چییە،

بەڵکو ئەوەی سەختە،

ئەوەیە کە بڕیار بدەیت

کامە شتە واز لێدەهێنی و دەستبەرداری دەبیت و دەیکەتە قوربانی

بۆ ئەو شتەی کە گرینگی پێ دەدەیت.

سیستەم

سیستەمی دونیا
بازرگان و سیاسەتمەدار و ئابووریناس و دەسەڵاتدارەکان.
هەموویان دژی ئەوەن کە مرۆڤ بیر بکاتەوە.
دژی ئەوەن کە مرۆڤ خۆی خۆشبوێت.
دژی ئەوەی کە مرۆڤەکان بیر لە خۆیان بکەنەوە.
دژی ئەوەن کە خۆیان قەبوڵ بێت.
کە تەنها بن.
کە ئاسوودەبن.
هەموویان دژی ئەوەن کە مرۆڤ سەیری ناو ناخی خۆی بکات.
چونکە
گەر خۆی قەبوڵ بێت،
گەر خۆی خۆشبوێت،
گەر مرۆڤ لەو هەموو جەنجاڵیە بێتە دەرەوە و تەنها بێت،

لەگەڵ خۆی دابنیشێت،
بیر لە خۆی بکاتەوە،
لەخۆی ورد بێتەوە،
گەر ناسوودەبێت،
گەر سەیری ناو ناخی خۆی بکات و خۆی بناسێت،
ئیتر هیچ پێویستی بە بازرگان و سیاسەتمەدار نابێت.
لە بەیانی تا ئێوارە وزە و کاتی خۆی لە کۆمپانیاکانیان سەرف ناکات.
گەر خۆی بناسێت چیتر بەدوای قەشە و مەلاکان ناکەوێت و وەڵامە دووبارەکانیان لێ ناکڕێت.
ئاخر گەر مرۆڤ سەیری ناو ناخی خۆی بکات و بۆی دەرکەوت کە چییە و کێیە و چەندە ناوازەیە چیتر نابێتە ڕۆبۆتێکی دەستی ئەمانە.
ناوازەیی تەنها شتێکی گەشەپێدان و سەرکەوتن نیە،
بەڵکو بەرپرسیارەتیە،
هەموو کەس بەرگەی ئەم بەرپرسیارەتیە ناگرێ،
تۆ زۆر ناوازەیت واتە تۆ پێویستت بە ئەوان نیە.
واتە تۆ ڕۆبۆت نیت.
واتە تۆ ئازادیت.
واتە تۆ دەتوانیت ببیت بە هەر شتێک کە دەتەوێت بەبێ

ئەوەی بگەڕێیتەوە و بۆ لای ئەوان و داوای یارمەتیان لێ بکەیت، واتە ئەوان تۆ بەکاردەهێنن و نایەڵن تۆ هەست بە ناوازەیی خۆت بکەیت چونکە گەر هەستت پێ کرد و خۆت بناسیت لەوان دوور دەکەویتەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە هەموو سیستەم دژی ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئاگا بێتەوە و خۆی بناسێ.

چونکە گەر مرۆڤەکان خۆیان بدۆزنەوە چیتر لە دەوری بازرگان و دەسەڵاتدار و قەشەکان نامێننەوە، بۆیە بە هەموو جۆرێک و هەموو تەکنیکێک بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی خەڵک مەشغوڵ بکەن، وا دەکەن کە هەموو ڕۆژێک مرۆڤەکان لە ڕاکردنی بەردەوامدا بن و هەر ڕۆژەی و بە شتێکەوە سەرقاڵیان دەکەن بۆ ئەوەی بیر لە حاڵی خۆیان نەکەنەوە.

بۆچی سیستەم و دەسەڵات و ئەبو جەهل و فیرعەونەکان ڕقیان لە محمد و موسا و عیسا و مەولانا و حەللاج و شەمس و سوکرات و ئیبراهیم و خەیامەکان بوو؟

چونکە سوکراتەکان دەیان گووت:

ئەی مرۆڤ تۆ خۆت بەسیت،

پێویستت بە سیستەم نیە،

تۆ تەنها خۆت هەموو شتێکت هەیە،

دەیانگووت ئەوان درۆن،

ئەوان تۆ بەکاردەهێنن.
دەیانگوت ئەوەی تۆ لەوانی دەکرێت،
بە خۆت لە ناو ناخی خۆتدا بە هەزارانی لەو جۆرەت هەیە.

زیندانی

تۆ سەیری خۆت بکە
دەبینی کە هەمیشە هەست بە ماندوێتی دەکەیت،
هەمیشە هەست دەکەیت کە یەک دنیا کارت کردووە و شەکەتیت.
لەکاتێکدا هیچیشت نەکردووە.
ئەم ماندوو بوونە بەهۆی ئەوە نیە کە کاری زۆرت کردبێت،
بەڵکو بەهۆی ئەو وزە زۆرەوەیە کە لە ناختدایە و دەیەوێت بێتە دەرەوە،
بەڵام تۆ ڕێگەت لێ گرتووە.
لەشت ماندوو بووە لە ڕاگرتن و سجنکردنی ئەو هەموو وزەیەی کە لە ناختدایە،

شەکەت بووە لە زیندانیکردنی ئەو هەموو وزەیەی کە لە ناختدا سەرکووتت کردووە.

جەستەت هەمیشە ماندووە چونکە لێ ناگەڕێیت ئەو شتە بکات کە شایەنیەتی و پڕ بە وزەی خۆیەتی.

هزرت هەمیشە ماندووە،

ڕۆحت هەمیشە ماندووە،

چونکە زیندانیت کردوون لە خۆتدا و بەکاریان ناهێنیت.

نقوم بوون

ئاوی هەموو دونیا کۆببێتەوە،

هەموو زەریا و دەریاکان کۆببنەوە،

ناتوانن کە کەشتیەک نقوم بکەن،

تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئاوەکە بچێتە ناو کەشتیەکە.

بەهەمان شێوە،

هەموو دونیا کۆببێتەوە بۆ ئەوەی شکست بە تۆ بهێنێت،

هەموو دونیا هەوڵبدەن ناتوانن شتە نەرێنیەکان بخەنە هزرتەوە،

تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە خۆت ڕێگە بدەیت کە ئەو شتە نەرێنیانە بخەیتە ناو هزرتەوە.

گشت خەڵکی لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە تۆ بکەوێنێ،

ناتوانن.

مەگەر خۆت ڕێگەیان بدەیت.

ئاساییە کە دەوروبەرت هەموو نەرێنی و پەستان و سەختی بێت،

بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە،
کە نەهێڵیت ئەم شتانە بێنە ناو تۆوە بۆ ئەوەی تێیاندا نقوم نەبیت.

هەموو دونیا کۆببێتەوە
بۆ ئەوەی
شکست بە تۆ بهێنێت،
ناتوانن.

بەرزخواز

کێشەی ئێمە ئەوەیە کە
تموحمان نیە،
بەرز خواز نین،
بەدوای شتی مەزنەوە نین،
شتی گەورەمان لە هزردا نیە.
وەکو شێرەکە واین،
گەورەترین تموحمان
گەورەترین ئامانجمان
بریتیە لە مشک ڕاوکردن.

گۆڕین

گەر دەتەوێت ژیانت بگۆڕیت،

گەر دەتەوێت گەردوون بگۆڕیت،

گەر دەتەوێت داهاتووت بگۆڕیت،

گەر دەتەوێت ژینگەکەت بگۆڕیت.

تەنها ڕێگەکەیەکی مەعقول،

ڕێگەیەکی گونجاو و دوور لە خەیاڵ،

شتێک کە واقیعیترین ڕێگەیە بۆ گۆڕینی ژیان و دونیای خۆت، شتێک بۆ گۆڕینی هەموو ئەو شتانەی سەرەوە:

بریتیە

لە گۆڕینی

شێوازی

بیرکرنەوەت!

موعجیزە

گەردوون ١٣,٥ بلیۆن ساڵی پێویست بووە بۆ ئەوەی بگات بەوەی کە ئێستا هەیە، وە زەوی ٤,٥ بلیۆن ساڵ پێش ئێستا دروستبووە، واتە دوای نزیکەی ٩ بلیۆن ساڵ لە بیگ بانگەوە هیچ شتێک بوونی نەبووە بەناوی زەوی لە تەواوی گەردووندا، هیچ شتێک بوونی نەبووە بەناوی زەوی و ئاو و هەوا و دار و بەرد، تەنانەت یەک گەردیش بوونی نەبووە کە پێی بگوترێت زەوی.

دوای ٩ بلیۆن ساڵ لە بیگ بانگەوە کە ئەوەی زەوی دروست بوو، ئەم زەویەی خۆمان پێویستی بە ١,٥ بلیۆن ساڵ هەبوو بۆ ئەوەی بچوکترین نیشانەی ژیان تێیدا پەیا ببێت، نەک گیاندار و ڕووەک، بەڵکو بچوکترین نیشانەی ژیان کە دەکاتە بەکتریا و زیندەوەری زۆر زۆر بچوک و توانا سنووردار، وە تەنها دوو ملیۆن ساڵ دەبێت کە مرۆڤ بوونی هەیە لەسەر زەوی، کە ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە یەکەم مرۆڤ دوای ١٣,٤٩ بلیۆن ساڵ هاتۆتە بوون.

دوای ئەوەی کە یەکەم مرۆڤ پەیدا دەبێت، دوو ملیۆنساڵی پێ دەچێت و بە سەدان هەزار نەوە لە دوای نەوە دێن و دەچن، تاوەکو گەیشتۆتە ئەو کاتەی کە ئێستا من و تۆی تێداین،

وە بۆ ئەوەی کە من و تۆ بێینە بوون، بۆ ئەوەی کە من و تۆ بێینە ژیان، لە نێوان ملیۆنان سپێرم کە دەچن بۆ لای هێلکە، دەبینی لە ملیۆنان سپێرم تەنها یەک دانەی تۆ بوویت، ئەوانی تر هەریەکە و کەسێکی تر دەبوون، واتە ئیحتیمالی بوونی تۆ یەک لە ملیۆن بووە، دواتر ئیحتیمالی بوونی باوک و دایکی تۆ کە بوونیان هەبووە ئەوانیش هەر وەکو تۆ کە دەکاتە یەک لە ملیۆن، واتە ئیحتیمالی بوونی تۆ بوو بە یەک لە ملیۆن ملیۆن ملیۆن. وە ئەی ئیحتیمالی باپیر و باپیر و باپیری تۆ تاوەکو دەگاتەوە یەکەم مرۆڤ ئەوانیش چەند پشت هەبوون دەبێ لێکدانی یەک بلیۆنی بکەین.

واتە تەنها بۆ ئەوەی کە تۆ بوونت هەبێ و بێیتە گەردوون، ئیحتیمالەکەی بریتیە لەیەک بۆ بلیۆن بلیۆن بلیۆن بلیۆن بلیۆن بلیۆن هەتا بلیۆن جار بنووسە بلیۆن ئینجا لەو هەموو بلیۆنە تەنها یەک ئیحتیمال هەبووە کە تۆ بێیتە بوون.

واتە بۆ ئەوەی کە تۆ بێیتە بوون، تەنها بۆ ئەوەی تۆ بێیتە بوون،

بە بلیۆن ساڵ گەردوون سوڕاوەتەوە و چەندین ئەستێرە

دروست بوون و تەقیونەتەوە و ئەستێرەی تریان پێکهێناوە و دووبارە تەقیونەتەوە و ئەستێرەی تریان پێکهێناوە و دووبارە تەقیونەتەوە و دواتر بوون بە پارچەیەکی زەوی.

دوای بلیۆنان ساڵ پارچە ئاگرێکی وەک زەوی دروست بووە، دوای بلیۆن ساڵی تر ئەم پارچە ئاگرە سارد بووەتەوە و یەکەم نیشانەی ژیانی تێدا پەیا بووە، دوای ملیۆنان ساڵ لەو نیشانەیە یەکەم زیندەوەر پەیا دەبێت و دوای ملیۆنان ساڵی تر یەکەم مرۆڤ پەیا دەبێت، دوای هەزاران ساڵ ئینجا مرۆڤ دوای مرۆڤ دێن و دەڕۆن و نەوە دوای نەوە دێن و دەڕۆن تاوەکو دەگات بە تۆ.

گەر بەپێی واقیع لێی بڕوانیت، ئیحتیمالی بوونی تۆ و من و هەرکەسێک، ئیحتیمالی ئەوەی کە بێینە بوون ئەوەندە کەمە کە دەکرێ پێی بڵێین سفر، ئیحتیمالەکە ئەوەندە کەمە، ئەوەندە مەحاڵە، ئەوەندە باوەڕپێنەکراوە کە بە هیچ شێوەیەک و بەهیچ جۆرێک چاوەڕوانی ئەوەی تێدا ناکرێت کە بێیتە بوون،

بەڵام ئەوەتا هاتووینە بوون.

واتە تەنها بوون و هاتنە ژیانی تۆ

موعجیزەیەکە،

شتێکە باوەڕپێنەکراوە، شتێکە کە بەسە بۆ ئەوەی خۆمانمان پێ تایبەت بێت،

لـەو بلیـۆن بلیـۆن بلیـۆن بلیۆنـان شـتانەی تـر کـە ئیحتیمـال بـوون کـە بێنـە بـوون و کـەچـی ئـەوان نەهاتنـە بـوون بەڵکـو ئێمـە لـە جیاتـی ئـەوان هاتینـە بـوون.

کەچی،

ئێمە

دوای ئەو هەموو بلیۆن ساڵە،

گەردوون ئەو هەموو بلیۆن ساڵە دەسوڕێتەوە،

دەخولێتەوە،

ئـەو هەمـوو بلیـۆن سـاڵە هاتووچـۆ دەکات تاوەکـو مـن و تـۆ پەیـا بوویـن،

کەچی بە دوای دڵی خۆمان ناکەوین،

ئەو شتە ناکەین کە دەمانەوێت،

قیمەتی خۆمان نازانین،

خۆمانمان پێ بچوک و پێ کەمە،

خۆمانمان پێ ناشیرینە،

خۆمانمان پێ هیچە،

کەچی خۆمان بە کەسێکی بێ سوود و بێ بایەخ دەبینین.

لەو هەموو بلیۆن ساڵە کە ڕۆیشتووە تا ئێمە پەیا بووین،

کەچی ژیانێک ناژین کە خۆمان دەمانەوێت،

دەچین بەدوای ویستی خەڵکی دەکەوین نەک دڵی خۆمان.

بلیۆن ساڵی پێچوو تا من و تۆ پەیابووین،

کەچی وەک ئەوەی بۆ ئەوە پەیابووین کە شوێن پێی خەڵک بکەوین نەک شوێن پێی دڵمان.

گەردوون لە مەحاڵەوە،

لە ئیحتیمالێکی زۆر زۆر سەختەوە ئێمەی هێناوەتە بوون و ئەو هەلەی بە ئێمە داوە،

کەچی سەیری حاڵی ئێمە بکە کە چۆن دەژین.

تۆ لەم گەردوونەدا
لە ناو بلیۆن بلیۆن ئیحتیمالی ترەوە
هەڵبژێردراویت.
ئەمە مانای ئەوەیە
کە تۆ زۆر تایبەتیت.

که تۆ زۆر تایبەت نەبوایت
گەردوون تۆی هەڵنەدەبژارد
بۆ ئەوەی بێیتە بوون.

ڕۆژێك دێ دەزانی

ڕۆژێک دێ
ئیتر باوەڕ بەم قسەیە دەهێنی
کە تۆ زۆر ناوازەیت!
لەم ڕۆژەی ئەمەت بۆ دەردەکەوێت،
ئیتر ژیانی تۆ دەگۆڕێت،
هیچ شتێک وەکو خۆی نامێنێت،
بینینت، ڕوئیان، گۆشەنیگات دەگۆڕێ.
ژیانت، خەونەکانت، بیرکردنەوەت، هزرت دەچێتە قۆناغێکی ترەوە!
چونکە
ئیتر تۆ دەزانی
کە زۆر ناوازەیت!

مەلی جوان پەرست
چۆن ماڵی دەبێ؟
بە ژووری تاریک
چۆن ڕازی دەبێ؟

“هانی”

کۆتایی بەشی دووەم

TO ZOR NAWAZAYT

KAIFI CHOMANI

"تۆ زۆر ناوازەیت"
واتە تۆ پێویست ناکات
بەدوای شتی تر و هێزی تر و
لێهاتوویی تر بگەڕێت
لەدەرەوەی خۆت،
بەڵکو تۆ هەموو شتێکت
لە ناخی خۆتدا هەیە و
پێویست ناکا لە دەرەوە
بەدوایدا وێڵ بیت.
واتە تۆ زۆر تایبەتیت،
واتە تۆ زۆر بەنرخیت.
واتە تۆ هەموو شتێک و
هەموو پێویستیەکت هەیە،
واتە ئەوەی تۆ لە ئاسمان و
ناو کتێب و خەڵکی تردا
بۆی دەگەڕێیت،
هەمووی لە ناخی خۆتدا
بوونی هەیە.

نرخ: ٥٠٠٠

بەرگ: ئیبراهیم صالح